MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# بنەماکانی نووسینی هەواڵ

## ناسینی هەواڵ

## کۆکردنەوەی زانیاری، بڵاوکردنەوەی هەواڵ

# بنەماكانی نووسینی هەواڵ

## ناسینی هەواڵ

## کۆکردنەوەی زانیاری، بڵاوکردنەوەی هەواڵ

ڕێبوار کەریم وەلی



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **بنەماکانی نووسینی هەواڵ**

هەواڵ ناسینی هەواڵ کۆکردنەوەی زانیاری بڵاوکردنەوەی هەواڵ

- **نووسینی:** ڕێبوار کەریم وەلی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **ژمارەی سپاردن:** ١٠١٤
- **نرخ:** ١٠٠٠
- **چاپی یەکەم** ٢٠٠٨
- **تیراژ:** ٧٥٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٥٦)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆک


تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر ........ ٣
ناسین و جیاکردنەوەی هەواڵ ........ ٧
کۆکردنەوەی زانیاری ........ ٢٣
نووسینی هەواڵ ........ ٣٣
لیدی هەواڵ ........ ٤٨
داڕشتنی هەواڵ ........ ٦٥
ناونیشان و پێکهێنەرەکانی ........ ٨٣

ئامانجی من لە ئامادەکردن و نووسینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە پێدەنێنە بواری کاری راگەیاندنەوە بتوانن لەگەڵ شێوەی راست و درووستی نووسینی هەواڵ ئاشنا بن کە چەند قۆناغێکی گرنگی هەیە. بە داخەوە لە کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە دەزاندرێت بۆ نووسینی هەواڵ پێویست دەکات رەچاوی هەندێ بنەما بکرێت، کەچی پشتگوێ خراوە و ئەوەش وایکردووە کە ئەو هەواڵانەی کە بە شێوەی نازانستی لە رۆژنامە، رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا بڵاو دەبنەوە تام و چێژی هەواڵی رۆژنامەنووسیان تێدا بەدی نەکرێت.

زۆر جار لە رۆژنامەکاندا هەواڵێکی گرنگ بە شێوەیەکی نارێك نووسراوە یان لە کاتی ئامادەکردنیدا زانیاریی پێویستی تێدا نەبووە، وایکردووە کە خوێنەر یان بیسەری هەواڵەکە بایەخی پێنەدات. کەچی دەکرا هەمان ئەو هەواڵە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە بنووسرابایە و دیقەت و ماندووبوونی پێویستی تێدا خەرج بکرابایە، ببوایە بە هەواڵێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر.

نەبوونی پەیمانگایەکی پێشکەوتووی راهێنانی رۆژنامەنووسی لە کوردستان، هەروەها رۆژنامەنووسیی داخراوی حزبی وایکردووە کە رۆژنامەکان کەمتر خۆیان بە تەکنیکی رۆژنامەنووسییەوە خەریکبکەن و پتر درووشمدان و بایەخی سیاسی بەرجەستە بکەن. دەکرێ رۆژنامەی حزبی ئۆرگانی حزب بێت، بەڵام بە تەکنیکی رۆژنامەنووسی و ستانداردی هەواڵەوە ماندوو بێت. هەواڵ بریتییە لەو زانیارییەی کە تۆ بە ئامانجێکی دیاریکراوەوە دەتەوێ بە خوێنەری خۆتی بفرۆشی. چەند بتوانی بابەتێك وا لێبکەی پترین سەرنج بۆ لای خۆی راکێشێت، هێندە سەرکەوتووی.



من لەو نووسینەدا کە دوای ئەزموونی خۆم لەو بوارە و بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی فارسی، تورکی و عەرەبی ئامادەم کردووە، هەوڵم داوە چەند پێناسەیەك بۆ کەسایەتیی پەیامنێر و بەردی بناغەی کاری رۆژنامەنووسی واتا هەواڵ بکەم، ئینجا ئەو قۆناغانە باس بکەم کە نووسینی هەواڵێك پێیاندا تێپەڕ دەبێت. لەوەشیاندا ئامانجی من ئەوەیە کە دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە خوێنەرەکەی بتوانێت هەواڵی راست و درووست لە هەواڵی کرچ وکاڵ و نارێك جیا بکاتەوە. خۆ ئەگەر حەزیش بکات فێری نووسینی هەواڵ بێت ئەوا دەتوانێ سوودێکی باش لەم نووسینە وەربگرێت.

## (١)
## تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر

پەیامنێران چاو و گوێی خەڵك و دەزگاکانی خۆیانن، ئەوانن کە کەرستەی خاوی هەواڵ و ڕاپۆڕت و گفتوگۆ و....هتد لە دەرەوە کۆدەکەنەوە و دوای دارِشتنەوە و ڕێکخستنیان دەیانگەیەننە خەڵك.

لەم قۆناغەی ئێستادا کە تەکنۆلۆژیا پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری بەخۆیەوە دیتووە و رادیۆ، TVو ئینتەرنێت چرکە بە چرکە توانای گەیاندنی هەواڵیان هەیە، کاری رۆژنامەکان و ئەوانەی کاریان تێدا دەکەن قورس بووە، هاوکات بۆ ئەوانەیش کە لە رادیۆ و TV و سایتەکانی ئینتەرنێت کار دەکەن کات زۆر کەم بۆتەوە، چونکە دوور نییە ئەو هەواڵەی کە ئێستا تەلەڤزیۆنێك خەریکی ئامادە کردنیەتی لە تەلەڤزیۆنێکی دیکە پەخش بکرێت. ئەمە وایکردووە کە رۆژ بە رۆژ پتر دەزگاکانی راگەیاندن بیر لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو کەسانە بکەنەوە کە وەك پەیامنێر کاریان بۆ دەکەن.

پەیامنێران کە بڕبڕەی پشتی دەزگاکانی راگەیاندنن، ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە، بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکە هەموو کەس ناتوانێ ببێ بە پەیامنێر و دەبێ بەلای کەمەوە بۆ ئەوەی پەیامنێر بیت ئەم چەند تایبەتمەندییەی خوارەوەت تێدا بن.



**أ- حەز و لێوەشاوەیی:**

دەبێ ئەو کەسەی کە دەیەوێ ببێ بە پەیامنێر حەزی لە پیشەکەی بێت و لێوەشاوەش بێت، ئەوەش بەو مانایەی کە دەبێ دەستی نووسینی هەبێت، توانای هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی هەبێ، وردبین بێت و بتوانێ بە حەوسلەوە لە دەوروبەری خۆی باوانێ و بە تێکەڵنەکردنی هەستەکانی خۆی، بتوانێ رووداوێك وەك خۆی بگێڕێتەوە نەك وەك ئەوەی کە خۆی دەیەوێت.

**ب- خێرایی:**

خێرایی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی پەیامنێر. جاران لەبارەی هەواڵەوە قسەیەك هەبوو کە دەیانگوت:" هەواڵ وەك سەوزە وایە ئەگەر چەند رۆژێك لە لایەکەوە داینێی، بۆگەن دەبێ." ئەم تەعبیرە ئەگەرچی راستە، بەڵام ئێستا باوی چەند رۆژ نەماوە، وەك پێشتر باسکرا، دوور نییە ئەو هەواڵەی ئێستا تەلەڤزیۆنێك دەیەوێ ئامادەی بکات، لە تەلەڤزیۆنێکی دیکە لێبدرێت. رووداوی کوشتن و بڕین، تەقینەوە و کارەساتی سروشتی، بۆرسە و هتد، دەقیقە بە دەقیقە لە تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکانەوە بڵاودەکرێنەوە و لەوەدا رکابەرییەکی توند دەکەوێتە نێوان ئاژانسەکانی هەواڵ و ئەو پەیامنێرانەی کاریان بۆ دەکەن.

ئەگەرچی خێرایی بەرئەنجامی ئەزموونە، بەڵام نابێ پەیامنێر خاو بێت، دەبێ هەموو شوێنێك بە شوێنی رووداو، هەموو کاتێکیش بە کاتی کارکردن بزانێت. لەم پەلەپەلی و خێراییەدا زۆرجار پەیامنێران تووشی هەڵە دەبن و بە هۆی نەگەیشتنیان بە سەرچاوەی هەواڵەوە زۆرجار وا روودەدات کە هەواڵێکی ناڕاست بڵاودەکەنەوە. بۆیە هەرچەندە خێرایی گرنگە، بەڵام بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆش ئیعتیباری رۆژنامەنووس لەکەدار دەکات و تووشی سەرئێشەی یاساییشی دەکات.

**ج- راستگۆیی:**

وەك لە تایبەتمەندیی پێشتردا گوترا، پەیامنێر دەبێ راستگۆ بێت بۆ ئەوەی متمانەی خوێنەرانی خۆی نەدۆڕێنێت. بێلایەن بێت لە گواستنەوە رووداوێکدا و هەوڵبدات تەواوی لایەنەکانی رووداوێك بەرجەستە بکات. رەنگبێ نەتوانرێ لە هەواڵێکدا تێکرای رووداوێك وەکو خۆی بگوازێتەوە، بەڵام بەلای کەمەوە دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت کە پرسیارەکانی خوێنەری هەواڵەکە لەو هەواڵەدا وەڵامیان درابێتەوە.

**د- زانیاری و رۆشنبیریی گشتی:**

زانست و بوارەکانی ژیان رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن و گەشەکردندان، هەرچەندە مەحاڵە رۆژنامەنووس بتوانێ لەو هەموو بوارەدا شارەزا بێت، بەڵام دەبێ شتێك لە هەر یەك لەو بوارانە بزانێت، چونکە وا رێکدەکەوێت کە هەواڵ لە زۆربەی ئەو بوارانەدا ئامادە بکات. بۆ ئەوە زانیاریی گشتی، تاقیبی وردی رووداوەکان و خوێندنەوەی بەردەوامی پێویستە. عەیبە بۆ رۆژنامەنووسێك نەزانێ لەو ساڵەدا خەلاتی نۆبڵ لە بوارە جیاجیاکان بە کێ بەخشراوە، یان خودی خەلاتەکە لە کوێوە هاتووە و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتە.

**ح- سادەنووسی:**

سادەنووسی و پاراویی زمان بە رێنووس و رێزمانی درووست، رۆڵێکی یەکجار گەورەی لە سەرکەوتووی یان هەڵکەوتنی پەیامنێر و رۆژنامەنووسێکی باشدا دەبێت. زمان و شێوەی دەربڕینی یەکێکی دیکەیە لە بنەما سەرەکییەکانی هەواڵ. هەواڵی باش دەبێ بە زمانێکی باش بنووسرێت، ئەگەرنا کەس نایخوێنێتەوە. ئەم کەمایەسییە لە زۆربەی رۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی کوردستاندا بەدی دەکرێت.



ئەگەر پەیامنێری گۆڤارێکی هونەری، ئابوری، یاسایی یان زانستی بن، رێگەتان پێدراوە، دەستەواژەی تایبەت بەو بوارە بەکار بێنن، بەڵام ئەگەر بۆ زۆرینەی خەڵك دەنووسن، دەبێ تا دەتوانن سادە و ساکار بنووسن، بۆ ئەوەی هەمووان لێتان تێبگەن.

**خ- لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ دەستەڵاتدا بوون:**

پەیامنێران بۆ خەڵك کاردەکەن و دەیانەوێ زانیارییان بدەنێ. بۆ ئەوەش پێویستییان بە پەیوەندی لەگەڵ دەستەڵاتداران هەیە. پەیوەندیی بەهێزی پەیامنێران لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیی پەیامنێر. ئەو کەسانە بەردەوام سەرچاوەی گرنگی هەواڵن زۆربەی هەرە زۆری دەزگاکانی راگەیاندن لە هەواڵ و بابەتەکانیاندا سوود لەو سەرچاوانە وەردەگرن. بەڵام ئەوە نابێ بەو مانایە بێت کە بگاتە رادەی ماستاوچیەتی و چاونووقاندن لە راستییەکان. هەروەها خەڵکگەرابوونی پەیامنێرانیش نابێ بگاتە ئاستی ئەوەی پەیامنێر ببێ بە نەیاری حکوومەت. پەیامنێران لە رێگەی هەواڵ و بابەتەکانیانەوە دەبن بە پردی پەیوەندیی نێوان خەڵك و دەستەڵات. وەك محەمەد حەسەنەین هەیکەل دەڵێ هەم رۆژنامەنووس و هەم دەستەڵات پێویستییان بە یەکتری هەیە، هەواڵ لای حکوومەت زۆرە و پەیامنێریش پێویستیی پێیانە، بۆیە دەبێ پەیامنێر ئەو هاوسەنگییە بپارێزێت، نەبێ بە بووق و نەبێ بە ئۆپۆزیسیۆنیش.

## (٢)

## ناسین و جیاکردنەوەی هەواڵ

ڕۆژانە بە دەیان ڕووداوی جیاجیا لە دەوروبەری ئێوە ڕوودەدات، ئەوانە هەر هەموویان هەواڵن، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەوانە ئەو هەواڵە بن کە لە ڕۆژنامە یان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکان بڵاو دەبنەوە. بۆیە سەرەتا دەبێ بزانین جارێ هەواڵ چییە؟

بەزانستی بوونی ڕۆژنامەنووسی وەك پیشەیەك و دانانی چوارچێوەی تیۆری بۆ ئەم کارە وایکردووە کە لەو بوارەدا دەیان لێکۆڵینەوە و کتێبی جیاجیا بنووسرێن. لە هەریەك لەم کتێبانەدا هەوڵدراوە لەروانگەی جیاوازەوە هەواڵ،ڕیپۆرتاژ، دیمانە، دیزاین و بوارە فراوانەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی بە نووسراو، بیستراو وبینندراوەوە پێناسە بکرێن.

هەواڵ کەرستەی خاوی تێکرای مێدیایە، لە هەواڵەوەیە کە میدیاکان سیاسەت و تێڕوانینی خۆیان دەخەنەڕوو. هەواڵ لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێگەیەکی گەورەی هەیە، هەر کە برادەرێکت دەبینی دوای چۆنی و چاکی(کە ئەمەش هەواڵپرسینە) لێی دەپرسی: چ باسە؟ یان: دەنگوباس چی هەیە؟ بۆیە لێرەوە پێناسەی هەواڵ دەکەین و ئینجا دەچینە سەر ئەو باسەی



کە چۆن لە نێو ئەو هەموو ڕووداوەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن هەواڵی ڕۆژنامەنووسی جیا دەکەینەوە.

ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنووسانی ئەزموودار و مامۆستایانی بواری ڕۆژنامەنووسی پێناسەی جیاجیا بۆ هەواڵ دەکەن. و. ج. بلاییر، کە ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکییە لە کتێبی ڕۆژنامەنووسیی خۆیدا دەڵێ:" هەواڵ بریتییە لە هەر بابەتێك کە ڕوویداوە و جێگای سەرنجی خەڵکە و لە میدیاکاندا بڵاو دەبێتەوە".

میچل وی چارنلی کە مامۆستای کۆلێژی ڕۆژنامەنووسییە لە زانکۆی مینێسووتای ئەمریکا دەڵێ:" هەواڵ بریتییە لە گێڕانەوەیەکی شیاو، پوخت و وردی ڕووداوێك نەك خوودی ڕووداوەکە".

ئەم پێناسانەی سەرەوە و چەندین پێناسەی دیکە هەن، بەڵام پێناسەکەی بلاییر ئەو نووقسانییەی هەیە کە ڕەنگبێ هێشتا شتێك ڕووی نەدابێت، بەڵام دیسان دەبێتە هەواڵ. بۆ نموونە:" سەرۆکی حکوومەتی هەرێم سبەی دەچێتە بەغدا" ئەوە هەواڵێکە کە هێشتا ڕووی نەداوە، بەڵام بڵاو دەبێتەوە.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی پێناسەکان دەکرێ بڵێین:" هەواڵ بریتییە لە گێڕانەوە و گواستنەوەی ئەو ڕووداوانەی کە بەهای هەواڵییان تێدایە و لە پرۆسەی بە هەواڵبووندا لە ژێر کاریگەریی هۆکارە دەرکی و ناوەکییەکانی دەزگای ڕاگەیاندندا ڕێژەی وەکوخۆیی(عەینییەت)خۆی لەدەستدەدات".

ئەم پێناسەیە پێویستیی بە شیکردنەوە هەیە.

تا ئەو کاتەی کە ڕووداوێك نەکەوێتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەیەك یان لە یەکێك لەبەشەکانی میدیادا بڵاونەبووبێتەوە ناوی لێناندرێت هەواڵی ڕۆژنامەنووسی، چونکە کاتێ ڕووداوێك ڕوودەدات و دەکرێتە هەواڵ زۆر شت کاری تێدەکەن. بۆ نموونە ڕادەی شارەزایی ئەو ڕۆژنامەنووسەی هەواڵەکە دەگوازێتەوە، سیاسەتی ئەو ڕۆژنامەیەی هەواڵەکە بڵاودەکاتەوە، ئەو یاسایەی لەو وڵاتە حوکم دەکات و...هتد ئەو کاریگەرییە نێوخۆیی و دەرەکیانەن کە کار دەکەنە سەر پرۆسەی بەهەواڵبوونی ڕووداوێك.

بۆیە لە گواستنەوەی ڕووداوەکاندا و کردنیان بە هەواڵی میدیایی زنجیرەیەك کار و کارلێك ڕوو دەدەن کە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو هەواڵە لە خوودی ڕووداوەکە جیاواز بێت.

ئەوەیان لایەنێکی هەواڵە واتا ئەو لایەنەی کە ڕووداوێك کراوە بە هەواڵ، بەڵام کام ڕووداوە دەکرێتە هەواڵیش خۆی باسێکی دیکەیە. وەك پێشتر گوترا لە دەوروبەری ئێمە بە دەیان ڕووداو ڕوودەدەن، هەر لە لەدایکبوونی منداڵێکەوە بگرە تا مردنی پیرەمێردێکی نەناسراو لە گوندێکی سەر سنوور هەر هەموویان ڕووداون، بەڵام کامانەن ئەوانەی دەبنە هەواڵ؟ لێرەدا دیسان سیاسەتی ناو ڕۆژنامە یان مەزاج و هەست و تێڕوانینی ئەو کەسەی کە هەواڵ هەڵدەبژێرێ زاڵدەبێ. بۆ نموونە:" لە ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجەدا مۆنۆمێنتی شەهیدان لە لایەن گەنجەکانی ئەو شارەوە سووتێندرا." هەندێك ڕۆژنامە بە تەواوی وردەکارییەوە ئەو هەواڵەیان بڵاو کردەوە و هەندێکی دیکە تەنها وەکو هەواڵێکی کەمبایەخ باسیانکرد و هەندێك هەواڵدەریی گرنگ هەبوون کە دوای ١٢ سەعات لە



ڕووداوەکە باسیانکرد. نموونەی دیکە زۆرن. هەندێك ڕۆژنامە ڕووداوی گرتنی گەنجێك لەسەر کاری نێربازی بڵاو ناکەنەوە، بە پێچەوانەوە هەندێ ڕۆژنامەی دیکە بە تامەزرۆییەوە لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیان بڵاویدەکەنەوە. جیالەوەش ڕۆژنامەکان و ئاژانس و هەواڵدەرییەکان ڕۆژانە بە دەیان هەواڵیان بۆ دێت کە لە نێوان ئەوانەدا تەنها هەندێکیان بەهای هەواڵییان تێدایە و ئەوانی دیکە دوورن لەو بەهایانەی کە پێویستە لە هەواڵێکدا هەبێت .

کەواتا هەڵبژاردنی هەواڵ و ئەو سیاسەتەی کە ڕۆژنامە یان دەزگای ڕاگەیاندنی پێڕەوی دەکات یەکێکی دیکەیە لەو کاریگەرییانەی کە دەکەونە سەر هەواڵ. بۆیە لە پێناسەی سەرەوەدا هەواڵمان بەو شێوەیە پێناسە کرد.

## بەها هەواڵییەکان

ئەم بەهایانەی خوارەوە بەلای کەمەوە لە تێکرای میدیا و ڕۆژنامەگەریی جیهاندا وەك پرەنسیپ حیسابیان بۆ کراوە، چونکە لە کۆتاییدا ڕەنگبێ پێکهاتەی کۆمەڵگاکان،ڕژێمەکان و مرۆڤەکانی دنیا، تێڕوانین و خواستەکانیان لێك جیاواز بن، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەمووان وەك یەك کاریگەرییان دەکەوێتە سەر، بە واتایەکی دیکە کاتێك لە وڵاتێکدا کێشەیەکی گەورە ڕوودەدات ئەو کێشەیە سەرنجی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، ڕەنگبێ لە سۆماڵ ئەو کێشەیە نەبوونی خۆراك بێت، بەڵام لە کوردستان سووتەمەنی و کارەبا یان شتێکی دیکەیە.

کەواتا ئەو پێوەر و پرەنسیپانەی بۆ هەواڵ داندراون، کەم تا زۆر لە هەموو شوێنێك وەکو یەکە.

ناساندنی ئەم بەهایانە بۆ ئەو کەسانەی کە تازەکارن لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا یارمەتیاندەدات بۆ ئەوەی هەواڵ لە ناهەواڵ جیا بکەنەوە و هەروەها لە دارشتن و ئامادەکردنی هەواڵدا سوود لەو بەهایانە وەربگرن. ئەمانەی خوارەوە بەها هەواڵییەکانن کە ئەگەر ڕووداوێك بەلای کەمەوە یەکێك لەو بەهایانای تێدا نەبێت ناکرێ پێی بگوترێت هەواڵی میدیایی. هەرچەندە زۆرجار ڕوو دەدات کە ڕووداوێك پتر لە یەك بەهای هەواڵیی تێدایە.

**١- لەخۆگیریی یان بەرفراوانی:**

ئەم بەهایە یەکێکە لە بەها گرنگەکانی هەواڵ، چونکە میدیاکان بۆ زۆرینەی خەڵك کاردەکەن نەك چینێکی دیاریکراو. لەخۆگیری یان بەرفراوانی مانای ئەوەیە کە ڕووداوێك کاریگەری بەسەر زۆرترینی خەڵکدا هەبێت و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی وڵات یان کۆمەڵگایەکەوە هەبێت. لەخۆگیری یان بەرفراوانی دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرنجی زۆرترینی خەڵك بۆلای باسێك رابکێشرێت و ئەوەش وادەکات ئەو بابەتە زۆرترین خوێنەر، بینەر و بیسەری هەبێت.لەخۆگیری بەپێی جۆرەکانی دوو جۆرە: پۆزەتیف و نیگەتیڤ. بەپێی کاتەکانیەوە: لە ئێستا و داهاتووی هەیە کە بۆ هەریەك لەوانە ئێستا نموونەیەك دەهێنینەوە تا چاکتر لاتان ڕوون بێتەوە.



**نموونەی یەکەم**

**لەخۆگیریی پۆزەتیف لە ئێستادا:**

**بەنزین هەرزان بوو**

*حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر هاووڵاتیان نرخی بەنزین لە ٢٥٠ دینارەوە بۆ ٢٠٠ دینار دابەزێنێت.*

لە کۆبوونەوەی دوێنێ ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، بڕیاردرا کە لەمەودوا لە تێکرای بەنزینخانەکانی هەرێمی کوردستان بەنزین بە نرخی حکوومیی ٢٠٠ بدرێتە هاووڵاتیان.

وەزیری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوبارەیەوە رایگەیاند:" حکوومەت بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر هاووڵاتیان ئەو هەنگاوەی هاویشتووە و خۆی ئەو پەنجا دینارە دەداتەوە کە پێویست بوو هاووڵاتیان بیدەن." و..................................................

**نموونەی دووەم**

**لەخۆگیریی نیگەتیڤ لە ئێستادا:**

**کارەبا کەم بۆوە**

*بەپێی خشتەی نوێی دابەشکردنی کارەبای هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاندووە، لەمڕۆوە پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان لە ٦ سەعات لە شەووڕۆژێکدا بۆ سێ سەعات کەم کرایەوە.*

خشتەی نوێی کارەبا کە لەگەڵ دەستپێکردنی وادەی کۆکردنەوەی ئاو لە بەنداوەکانی دووکان و دەربەندیخان رادەگەیەندرێت، پێشبینیی ئەوەی تێدا کراوە کە لە مانگی داهاتوودا رێژەی پێدانی کارەبا لەوەش کەمتر بکرێتەوە........

**نموونەی سێیەم**

**لەخۆگیریی پۆزەتیف لە داهاتوودا:**

**ساڵی داهاتوو یاسای عبور کاری پێدەکرێت**

*وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند کە لە ساڵی داهاتوودا یاسای عبور لە تێکرای زانکۆکانی کوردستان کاری پێدەکرێت.......................*

**نموونەی چوارەم**

**لەخۆگیریی نیگەتیڤ لە داهاتوودا:**

**پێشبینی دەکرێت ساڵی داهاتووش وشکەساڵی بێت**

*ناوەندی لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ئەو وشکەساڵییەی ئەمساڵ لە ساڵی داهاتووشدا درێژەی هەبێت.*

دکتۆر جەرجیس یوسف کە سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی ناوەندەکەیە، دوێنێ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە هوتێل پلازا ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تیمەکەیانی ئاشکرا کرد و.......................................



ئەم چوار نموونەیەی سەرەوە بۆ لەخۆگیری یان بەرفراوانی شێوەکانی ئەو هەواڵانە نیشاندەدەن کە پەیوەندی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان بەسەر ژیانی هاووڵاتیانی کۆمەڵگایەکەوە هەیە.

**٢- ناوبانگ:**

بەگشتی خەڵك حەز دەکەن ئاگایان لە هەڵسوکەوتی کەسە بەناوبانگەکان بێت. هەمووان بەیەك ئەندازە ناوبانگیان نییە، خەڵکانێکی زۆر بەناوبانگ هەن کە هەموو دنیا دەیانناسێ و کەسانێکیش هەن کە ناسیاوەکانیان لە پەنجەی دەست تێپەڕ نابێت. ناوبانگ وادەکات کە خەڵك حەز بەزانینی بچوکترین زانیاری لەبارەی ئەو کەسانەوە بکەن. ناوبانگیش دوو جۆری هەیە: ناوبانگی راستەقینە کە ئەم ناوبانگە هی مرۆڤەکان و گیاندارەکانە و ناوبانگی حقوقی کە دامەزراوەکانی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان، دادگای لاهای و وەزارەت و....هتد نموونەی ئەو نابانگە حقوقیانەن.

**نموونەی یەکەم بۆ ناوبانگی راستەقینە:**

**لەبەرتووشبوونی بە هەڵامەت**

**سەرۆکی پەرلەمان دوو رۆژ لەماڵەوە دەحەسێتەوە**

*لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش پشکی خۆی لەو هەڵامەت و پەتایە پێبرا کە بە هەرێمی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.*

لە دوێنێوە سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان تووشی هەڵامەت و پەسیو بووە و بەپێی گوتەی دكتۆر عیزەدین سەعید پزیشكی ئێشكگر لە نەخۆشخانەی كۆماری، شەوی رابردوو سەرۆكی پەرلەمان گەیەندراوەتە نەخۆشخانەكەیان و لەوێ دەرزی ئارامبەخشی لێدراوە.

دكتۆری نێوبراو دەڵێ:" بەسەرۆكی پەرلەمان گوترا كە پێویستە دوو رۆژ لە ماڵەوە بحەسێتەوە.

**نموونەی دووەم بۆ ناوبانگی حقوقی:**

**ئاگرێكی بچووك لە باڵاخانەی نەتەوەیەكگرتووەكان كەوتەوە**

*ئاگرێكی بچووك كە پێشبینی دەكرا بە هۆی قونچكی جگەرەوە بێت، لە باڵكۆنی یەكێك لە ژوورەكانی نهۆمی دوازدەهەمی باڵاخانەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە نیۆیۆرك كەوتەوە.*

بەپێی راپۆرتی پۆلیسی نیۆیۆرك لەوبارییەوە ئاگرەكە سەعات ١٢،٣٨ بەكاتی نیۆیۆرك كەوتۆتەوە و دوای ١١ دەقیقە واتا لە ١٢،٤٩ پۆلیسی ئاگر كوژێنەوە گەیشتۆتە شوێنی رووداوەكە و..................

**٣- نزیكی:**

كورد مەسەلەیەكی هەیە دەڵێ:" ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە". كەواتا هەر شتێك لێت دوور بێت كەمتر بۆت گرنگە و چەندی شتێك لێت نزیك بێتەوە، هێندە بۆت گرنگ دەبێت. دوو جۆر نزیكی هەیە كە دەبێ بە بەهای هەواڵی: یەكەمیان نزیكیی جوگرافیاییە و ئەوەی دیكەیان نزیكیی



مەعنەوییە. نزیكی رۆڵێكی گرنگ دەبینێ لەوەی كە سەرنجی خەڵك بۆ مەسەلەیەك رابكێشێرێت، چەندی رووداوێك لە تۆوە نزیكتر بێت، هێندە كاریگەری بۆ سەر تۆ پتر دەبێت. بۆیە لێرەدا بە نموونەوە هەردووە جۆرەكانی نزیكیتان بۆ روون دەكەمەوە.

**أ: نزیكیی جوگرافیایی:**

لە هەموو دنیا هەر وایە، خوێنەر یان بینەر و بیسەران حەز دەكەن پێشان هەواڵی دەوروبەری خۆیان بزانن ئەوجا بزانن لەولاتری ئەوان چ باسە. چەندی رووداو نزیكتر بێت بەهای هەواڵیی نزیكی كاریگەریی پتری دەبێت و چەندی دوورتر بێت هێندەلە بەهاكەی كەمتر دەبێتەوە. نموونەیەكی سادە ئەوەیە كە هاتنی لافاو لە گەڕەكی تەیراوای هەولێر بۆ دانیشتوانی هەولێر گرنگترە لە هەواڵی بومەلەرزەیەك لە تۆكیۆ.

**ب: نزیكیی مەعنەوی:**

دین، بیروباوەڕ، رەگەز، كلتوور و زمان و....هتد لە عونسورەكانی نزیكین. بۆ كوردێك كە لە سلێمانی دادەنیشێت رەنگبێ مردنی سۆماڵییەك لە برسان زۆر گرنگ نەبێت، چونكە بەپێی بەهای هەواڵیی نزیكیی جوگرافیایی زۆر لێی دوورە، بەڵام ئەگەر لەجیاتی ئەو سۆماڵییە كوردێك لە سۆماڵ لە برسان مردبێت، ئەوە گرنگە چونكە هەست بە نزیكی مەعنەوی دەكات لەگەڵ ئەو كەسە كوردە كە لە سۆماڵ مردووە، یان لەگەڵ ئەو كوردەی كە لە بیرمینگهامی بەریتانیا بەرچەقۆ دراوە.

**٤- گەورەیی و فراوانی لەرووی ژمارەوەوە:**

ئەم بەها هەواڵییە پەیوەستە بە ئامار و ژمارە. دەکرێ ڕێژەی کوژراو، بریندار و زیانی مالی بە ژمارە دەربڕدرێت، یان باسی خێرایی، کێش، پلەی ڕیختەری، ڕێژەی بارینی بەفر و بارن و زۆر شتی دیکە بکرێت. ئەوەش بەهایەکی هەواڵییە و بێئەوەی ڕەچاوی سۆز و عاتیفە بکەین دەبێ بڵێین کە چەندی ڕێژەی کوژراوی ڕووداوێك پتر بێت هێندە شانسی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە پترە. بۆ نموونە ئەگەر لە وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێك لە ڕێگای دێگەڵە_ کۆیە، کەسێك گیانی لەدەست دابێت، و هاوکات هەمانرۆژ لە ڕێگای پردێ _ کەرکوك ئۆتۆمبێلێکی دیکە وەرگەرابێت و لەوێ ٦ کەس گیانیان لەدەستدابێت، ئەوەی دووەمیان سەرنجراکێشترە و شانسی بڵاوبوونەوەی پترە.

ئینجا دیسان لەمەسەلەی ژمارەدا، ناوبانگ و نزیکی کە دوو بەهای دیکەی هەواڵێن ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە دەبەنە ژێر پرسیارەوە.

بۆ نموونە ئەگەر لە ئەنجامی هاتنی لافاو لە کوردستان ١٣ کەس گیانیان لەدەستدابێت و هاوکات لە هەمانرۆژ لە هیندستان لە ڕووداوی شەمەندەفەردا ٥٠ کەس گیانیان لەدەستدابێت، بەپێی بەهای هەواڵیی نزیکی ئەوەی کوردستان گرنگترە تا ئەوەی لە هیندستان ڕوویداوە. هەرچەندە لەوەی هیندستاندا ژمارەی قوربانیان پترە، بەڵام بەپێی بەهای هەواڵیی نزیکی ئەوەی کوردستان گرنگترە.

جیا لە نزیکی، مەسەلەی ناوبانگیش کاریگەری دەخاتە سەر ڕێژەوە، بۆ نموونە تەقینەوەی بۆمبێك لە کەرکوك کە بوویێتە هۆی کوژرانی وەزیری



نەوتی عێراقی و جێگرەکەی لەو هەواڵە گرنگترە کە هاوکات بە تەقینەوەیەکی دیکە ٢٥ کەس لە پردێ گیانیان لەدەستدابێت.

لە میدیای ڕۆژئاواییدا ئەم بەهایە هەواڵییە جێگایەکی تایبەتی هەیە و لە هەواڵەکانی بۆرسە و داهاتی هاووڵاتیان، ڕێژەی بێکاری و ئامار لە بوارە جیاجیاکاندا بەکار دەهێندرێت.

**٥- سەیر و سەمەرەیی:**

هەموو شتێکی نوێ، داهێنان یان ڕووداوێك کە پێشتر قەت ڕووی نەدابێت بەلای مرۆڤەوە گرنگ و سەرنجراکێشە. بەو پێیەش داهێنانەکانی بواری پزیشکی، زانستی، کشتوکاڵی و...هتد، یان مانگگیران و خۆرگیران و شتی لەوبابەتە سەیرن و سەرنجرادەکێشن.

**نموونەی یەکەم:**

**لەدایکبوونی گۆلکێك کە شەش قاچی هەیە**

*بۆ یەکەمجار لە گوندێکی سنووریی کوردستان گۆلکێك لەدایکبووە کە شەش قاچی هەیە و تەندروستیشی لەوپەڕی باشیدایە.*

ئێوارەی دوێنێ بە هەوڵی تیمێکی پزیشکی ئاژەڵیی سنووری پارێزگای سۆران، لە گوندی وەسانان مانگایەك گۆلکێکی بوو کە شەش قاچی هەیە.

دکتۆر شەمسەدین عەزیز لەوبارەیەوە گوتی:" ئەوە یەکەمجارە کە مانگا گۆلکێکی واببێت و تا ئێستا شتی وا ڕووی نەداوە............

**نموونەی دووەم:**

**بێ کردنەوەی سینگی**

**دکتۆرێکی کورد توانی نەشتەرگەریی پێشکەوتووی**

**دڵ بۆ نەخۆشێك بکات**

*بۆ یەکەمجار لە نەخۆشخانەی رزگاریی هەولێر، دکتۆرێکی کوردی دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین توانی بێ کردنەوەی سینگی نەخۆشەکەی نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتووی دڵ ئەنجامبدات.*

ئەم دکتۆرە کە ناوی زریان حەمەسەعیدە لە...............

جیا لەوانەی سەرەوەش جاری وا هەیە خەڵك بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕوودانی ڕووداوێکن، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا ئەو ڕووداوە روو نادات.

**بۆ نموونە:**

**سەرەڕای چاوەڕوانیی خەڵك**

**نەوت دابەشنەکرا**

*بڕیار وابوو ئەمڕۆ لە تێکڕای وێستگەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی، بە ڕێژەی ١٠٠ لیتر بۆ هەر خێزانێك نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشبکرێت، بەڵام نەهاتنی سووتەمەنی لە کەرکوکەوە پرۆسەکەی هەڵوەشاندەوە.*



پارێزگاری هەولێر و لیژنەی باڵای دابەشکردنی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ئۆباڵی ئەم نەهاتنەیان خستە ئەستۆی حکوومەتی فیدراڵ و وەزارەتی نەوتی عێراقی.......

**٦- پێکدادان و ناکۆکی:**

پێکدادان و ناکۆکی نێوان مرۆڤەکان، کۆمەڵگاکان و وڵاتان هەمیشە یەکێکە لە بەها هەواڵییە گرنگەکان. شەڕی نێوان دوو وڵات، بارگرژی و قەیرانی سیاسی و سەربازی لە نێوان وڵاتان هەمیشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان گیانیان لەدەستبدەن، کاولکاری روو بدات و هاوکات قەیرانی ئابووری لە چەشنی برسیەتی و گرانی و زۆر شتی دیکە لە وڵاتێك یان بەشێکی دنیادا دێتە کایەوە. شەڕ و ناکۆکیی نێوان ماڵێك و ماڵێکی دیکە، ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە کە ڕەنگبێ لە ئەنجامی لێکنەگەیشتن، تووڕەیی و پێڕەوی لە دابونەریتێك هاتبێتە کایەوە. هەمان ئەو پێوەرانە ڕێگە دەکەنەوە کە شەڕ لە نێوان عەشیرەتێك لەگەڵ عەشیرەتێکی دیکە یان وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی دیکەدا ڕوووبدات و بەگژ یەکتریدا بچن. ئەمە لە هەموو حاڵەتێکدا جێگای سەرنج و بایەخی خەڵکە .

ئەوەندەی من تێبینیم کردووە بەشی هەرە زۆری میدیای کوردستان لەم ١٥ ساڵەی دواییدا لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵدا دوو بەهای هەواڵی زۆر بایەخیان پێدراوە. لە هەواڵەکانی ناوخۆدا (جگە لەسەردەمی شەڕی ناوخۆیی) بەهای هەواڵیی ناوبانگی پۆزەتیف کە پتر بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکیی سەرۆك و سەرکردەکان، هەروەها لە

هەواڵەکانی دەرەوەدا پتر بەهای هەواڵیی پێکدادان و ناکۆکی جێگای سەرنج بووە ئەویش بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە باسیان لە شەڕ و ناکۆکیی دیپلۆماسیی نێوان وڵاتان کردووە.

**٧-کات یان نوێبوونی رووداو:**

کات یان نوێبوونی رووداو ئەگەرچی یەکێکە لە بەهاکانی هەوال، لەهەمانکاتدا مەرجی سەرەکیی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی هەواڵیشە. چونکە کەم رووداو هەیە کە بتوانێ بەبێ ئەوەی بەهای هەواڵیی تازەبوونی تێدا بێت ببێ بە هەواڵێکی سەرنجڕاکێش.کات یان نوێبوونی رووداو بریتییە لە ماوەی نێوان روودانی رووداوێك تا ئەوکاتەی کە وەك هەواڵ بڵاودەبێتەوە. هەرچەندە ئەوماوەیە کەمتر بێت هەواڵەکە هێندە گرنگتر دەبێت و چەندی ئەو ماوەیە درێژتر بێت بایەخی رووداوەکە کەمتر دەبێت.

تازەیی لە دیاریکردنی کات(کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی هەواڵ)دا دەردەکەوێت و ئەویش بە دەستەواژەی(ئێستا، چەند دەقیقەیەك بەرلەئێستا، ئەمڕۆ، دوێنێ، چەند سەعاتێك پێش ئێستا و....هتد)لەناو هەواڵدا بەدیار دەکەوێت.چەندی هەواڵ نوێتر بێت ئەم دەستەواژانە لە پێشتردا بەکاردێن کە ئەوەش لە بەشی داڕشتنی هەواڵدا بە نموونەوە باسدەکەین.

**کۆتاییی ئەم باسە**

*لەکۆی گشتییدا لەکاتی هەڵبژاردنی رووداوێکدا کە بمانەوێ بیکەین بە هەواڵی رۆژنامەنووسی رەنگبێ یەك یان چەند بەهای هەواڵیی تێدا بەدی*



*بکرێت. بۆیە نابێ لە بەدواداچوونی بەهاکاندا زێدەڕۆیی بکەین و بەهایەك بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵبکەین. هەرچەندە کە بە تەجروبە دەرکەوتووە کە بەها هەواڵییەکانی نزیکی و لەخۆگیری بە هەموو جۆرەکانیەوە کە پێشتر باسمان لێوەکردن زۆرترین کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە هەیە.*

## (٣)
## کۆکردنەوەی زانیاری

کۆکردنەوەی زانیاری قۆناغی دووەمی ئەو سێ قۆناغەیە کە ڕووداوێك دەکاتە هەواڵی ڕۆژنامەنووسی. واتا دوای ئەوەی کە ڕووداوێك لەناو هەزاران ڕووداودا بەپێی بەهاکانی هەواڵ دەستنیشان کرا کە بکرێتە هەواڵ، ئەوا ئینجا کاری کۆکردنەوەی زانیاری دەستپێدەکات.

بۆ نموونە نرخی بیست لیتر بەنزین لە بازاڕی ڕەشدا لە ١٥ هەزار دینارەوە گەیشتۆتە ٤٥ هەزار دینار. ئەمە تەنها زانیارییەکی سەرەتاییە. دوو بەهای هەواڵیی تێدایە کە بریتین لە یەکەم: لە خۆگیری و دووەم: زۆری و فراوانی. ئەم ڕووداوە لە چ ئاستێکدایە؟ هۆی بەرزبوونەوەی نرخ بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ حکوومەت ئاگای لێیە یان نا؟ حکوومەت چی دەکات؟ ئایا خەڵك بەنزینیان پێ دەکڕێت؟ ئەمە کەی وایلێهاتووە و تا کەی وا دەبێت؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە هەن کە کاتێ پەیامنێر دەیەوێ ڕووداوەکە بکاتە هەواڵ دەبێ وەڵامی دابنەوە. چونکە ئەوانە پرسیاری ناو مێشکی خەڵکن. پەیامنێر دەبێ خۆی لە جێگای خوێنەر یان بیسەری هەواڵەکەی خۆی دابنێت، یەکمجار بۆ پرسیار و دواتر بۆ وەڵامەکانیان بگەڕێت. چەندی ئەو پرسیار و وەڵامانە کاملتر بن، قۆناغی دواتر کە داڕشتنی هەواڵە ئاسانترە و ئەو هەواڵەی کە بڵاودەبێتەوە هەمەلایەنترە. بۆیە بۆ ئەمەش



ڕێگایەك هەیە کە ئەویش بریتییە لەوەی کە لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیارییدا وەڵام بۆ شەش پرسیارە پێکهێنەرەکانی هەواڵ بدۆزرێتەوە.

**پێکهێنەرەکانی هەواڵ(News Elements)**

هێشتا لە کوردیدا کورتکراوەیەکی جوان بۆ ئەم شەش پێکهێنەرەی هەواڵ نەدۆزراوەتەوە، یان ئەوەتا زمانی کوردی ڕێگەی ئەوە نادات. فارسەکان پێیان دەڵێن سێ دانە(ك) و سێ دانە(چ)، تورکەکان دەڵێن پێنج دانە (N)و یەك دانە (K)و لە ئینگلیزیشدا پێیان دەڵێن پێنج دانە (W)و یەکدانە.(H)

**پێکهێنەرەکان بە کوردی ئەمانە:**

| | |
|---|---|
| کێ؟ | **Who?** |
| کوێ؟ | **Where?** |
| کەی؟ | **When?** |
| چی؟ | **What?** |
| بۆچی؟ | **Why?** |
| چۆن؟ | **How?** |

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دەبێ لە هەواڵدا وەڵامیان بدرێتەوە و هەواڵیان لەسەر بنیاددەنرێت. ئێستاش دێین یەك بە یەك ئەم پێکهێنەرانە بە وردی شیدەکەینەوە و نموونەیان بۆ دێنینەوە.

**پێكهێنەری (كێ):**

ئەم پێكهێنەرەی هەواڵ پەیوەندیی بە هۆكارەكانی ناو هەواڵەوە هەیە. ئەم هۆكارانە هەقیقی(راستەقینە وەك مرۆڤ) یان حقوقیانە(وەك دامەزراوەكان) مەرج نییە تەنها بكەر(فاعل) بن و زۆرجار كارلێكراون. بۆیە پێویستە ئەوانەی كە لە دروستبوونی رووداوێكدا دەستیان هەیە بناسێندرێن. ناوی سێیانی، تەمەن، پیشە، پلەی لێپرسراویەتییان لەو زانیارییانە كە پێویستە لە هەواڵێكدا هەبن.

**نموونەی یەكەم:**

*وەزیری پەروەردە دەڵێ لە ساڵی داهاتوودا تێكرای پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دەگۆردرێن.*

*دكتۆر دڵشاد عەبدولڕەحمان لە كۆنفرانسێكی رۆژنامەوانیدا كە ئەمرۆ لە بالآخانەی وەزارەتی پەروەردە بۆی رێكخرا بوو، ئاماژەی بە خراپی و ناكارامەیی پرۆگرامەكانی خوێندن كرد و گوتی.........................":*

**نموونەی دووەم:**

*وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەكدا هەواڵی كوژران و بریندار بوونی ٩٥ پۆلیسی راگەیاند.*

ئەمرۆ وەزارەتی ناوخۆی عێراق رایگەیاند كە لە كردەوەیەكی تیرۆریستیدا لە موسڵ ٤٥ پۆلیسی سەر بەبنكەی حەداسە كوژراون و ٤٠ی دیكەش برینداربوونە .



بەیاننامەكە دەڵێ:" كردەوە تیرۆریستییەكە لەكاتی مەشقی بەیانیانی بنكەی حەداسە و لە رێگەی ئۆتۆمبێلێكی بۆمبرێژكراوی جۆری مازداوە روویداوە".

دكتۆر عەلی كازم سەججاد بەرێوەبەری نەخۆشخانەی ناوەندیی موسڵ رایگەیاند كە باری تەندروستیی ئەو بریندارانەی كە گەیەندراونەتە نەخۆشخانەكەی ئەوان لە مەترسیدایە.

هاوكات لە بەیاننامەیەكدا رێكخراوی ئەنساروسوننە بەرپرسیاریەتیی ئەو رووداوەی لە ئەستۆ گرت.................

هەروەك لەم نمونانەی سەرەوەدا دەبیندرێت جاری وایە هەواڵ پتر لە یەك یان دوو پێكهێنەری(كێ)ی تێدایە و دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە. لە نموونەی دووەمدا كێ بریتییە لە كەسایەتیی حقوقی(**وەزارەتی ناوخۆی عێراق**)، كەسایەتیی هەقیقی(**دكتۆر عەلی كازم سەججاد بەرێوەبەری نەخۆشخانەی ناوەندیی موسڵ**) و هەمدیس كەسایەتیی حقوقی(**رێكخراوی تیرۆریستیی ئەنساروسوننە**).

**پێكهێنەری (كوێ):**

پێكهێنەری(كوێ) لە هەواڵدا شوێنی روودانی رووداو دیاریدەكات كە ئەمەش لە بەهاكانی هەواڵدا كە پێشتر باسمان لێكردن، بریتییە لە دووری و نزیكیی رووداو كە چەند نزیك بێت لە رووی جوگرافیاییەوە هێندە پتر سەرنجی خوێنەر یان بیسەری هەواڵ رادەكێشێت. زۆر گرنگە كاتێ باسی رووداوێك دەكەین بزاندرێ ئەو رووداوە لە كوێ روویداوە.

## باوبارانێکی زۆر سلێمانیی گرتەوە

*شەپۆلێکی نوێی باوباران شاری سلێمانیی گرتەوە و بەپێی راگەیەندراوی بەڕێوەبەرایەتیی کەشناسی ئەوە یەکەمجارە کە بەو رێژە زۆرە باران لە سلێمانی ببارێت.*

ئەو باوبارانە کە لە سەعات ٦ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆوە دەستی پێکردووە، بەهۆی خراپیی ئاوەڕۆی ناو شار ئاو لەسەر شەقامەکان کۆبۆتەوە و لە هەندێ شوێن هاتوچۆی ئۆتۆمبێلەکان وەستاوە.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان رۆژێکی خۆش بەسەر دەبەن و .....................

لێرەدا گرنگە بزاندرێت رووداوەکە لە سلێمانی روویداوە و دەکرێ لە درێژەی هەواڵەکەدا وردەکاریی پتر سەبارەت بە گەڕەکەکانی ناوشار و راوبۆچوونی خەڵك بنووسرێت.

هەندێك جار دەکرێ ئەگەر هەواڵێکمان هەبوو کە تایبەت بوو بە هەرێمی کوردستانەوە و هەموو هەرێمی گرتبێتەوە، خۆمان لە ناوهێنانی شوێنەکان بپارێزین، چونکە ناوەڕۆکی هەواڵەکەمان وای دەردەخات کە مەبەستمان هەرێمی کوردستانە. بەتایبەت ئەگەر ئەو هەواڵە لە لاپەڕەی ناوخۆیی رۆژنامە یان لە بۆڵتەنی ناوخۆیی رادیۆ وTV یەکاندا بڵاو بووبێتەوە. بۆ نموونە:

### خەڵك بە بارینی باران خۆشحاڵن

*دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، سەرئەنجام ئەمڕۆ بەیانی یەکەم بارانی ئەمساڵ باری...........*



دیارە لەمەشدا مەبەست ئەوەیە ئەو بارانە لە زۆربەی شوێنەکانی هەرێمی کوردستان باریوە و پێویست ناکات ناوی یەکە یەکەی ئەو شوێنانە ببرێت کە بارانیان لێ بارییەوە. هەرچەندە ئەو زانیارییە تەنها بۆ زانین و جوانکارییە لە هەواڵدا و دەکرێ رۆژنامەنووس پشتی پێ نەبەستێت.

### پێکهێنەری(کەی):

پێکهێنەری کەی لە هەواڵدا کاتی رووداو دیاریدەکات، کە ئەوەش بریتییە لە بەهای هەواڵیی کات و نوێبوون. (کەی) باس لە کاتی رووداو دەکات و چەندی ئەو رووداوە زووتر گواسترابێتەوە هێندە بایەخی پترە. ئەم پێکهێنەرە کە بە دەستەواژەکانی (هەرئێستا، چەند دەقیقەیەك بەر لە ئێستا، سەعاتێك بەر لە ئێستا، چەند سەعاتێك بەر لە ئێستا، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ و.....هتد) لە هەواڵدا بەدیار دەکەوێ بەکارهێنانی لە بوارەکانی میدیادا جیاوازە. بۆ نموونە رۆژنامە ناتوانێ لە هەواڵی خۆیدا بنووسێت هەر ئێستا و زۆر ناشیرینە ئەگەر رادیۆیەکیش کە سەرەسەعات هەواڵی هەیە لە هەواڵەکەیدا بڵێ دوێنێ و پێرێ! بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لە هەواڵدا بەپێی بوارەکانی میدیایی لەگۆڕاندان. بۆیە رادیۆ و TV بۆئەوەی متمانەی بیسەران و بینەرانیان لەدەست نەدەن، پێویستییان بەوە هەیە کەمترین وشەی(دوێنێ و پێرێ) بەکار بێنن و هەوڵ بدەن رێگە نەدەن کاتی گواستنەوەی رووداو لەگەڵ کاتی روودانی رووداو لە ١٢ سەعات تێپەڕێت، خۆ ئەگەر توانیان باشە ئەگەرنا با ئەو هەواڵە بڵاو نەکەنەوە کە لەوماوەیە تێپەڕی داوە.

نموونە بۆ هەواڵێکی رادیۆیی یان تەلەڤزیۆنی یان ئاژانسی دەنگوباس کە (کەی) لە هەواڵەکەدا بناغەی هەواڵەکەیە:

*پەیامنێرمان چەند دەقیقەیەك بەر لە ئێستا پێی ڕاگەیاندین کە تەقینەوەیەکی بەهێز بارەگای سەرۆك وەزیرانی عێراقی هەژاند.....*

لێرەدا تەلەڤزیۆنەکان یان ئاژانسەکانی هەواڵ بەپەلە ئەم دوو دێڕە بڵاو دەکەنەوە و ئینجا لەوێ بەولاوە دەقیقە بە دەقیقە زانیاریی نوێتر و تازەتر دەخەنە سەر هەواڵەکەی پێشوویان کە ئەوەش وادەکات بیسەر یان خوێنەری ئەم هەواڵە تا کۆتایی بەدوای هەواڵەکەوە بێت. تازەیی و نوێبوونی هەواڵ گەلێك گرنگە و نیشانەی خێرایی و چابووکیی پەیامنێر و دەزگای ڕاگەیاندنە.

**پێکهێنەری (چی):**

پێکهێنەری هەواڵیی(چی) پەیوەستە بە بەهای هەواڵییەکانی (لەخۆگێری، زۆری و بەرفراوانی، سەیروسەمەرەکان و ڕێژە). ئەم پێکهێنەرەی هەواڵ ماهییەتی ڕووداوێك دەخاتە ڕوو. (چی) دەکرێ کودتایەك، لافاو یان ڕوودانی شەڕێك یانیش ئەوەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردن بێت. ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە کە زۆربەی هەواڵەکانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکان بە(چی) دەستپێدەکات.



**بۆ نموونە:**

**هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان دەستیپێکرد**

*هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان بە بەشداریی ٢ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دەنگدەر دەستیپێکرد.*

لەم هەڵبژاردنانەدا کە سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە هەزار و چوارسەد ناوەندی دەنگدان دەستیپێکردووە، ئەنجوومەنی شارەوانیی سەدویازدە ناوەندی پارێزگا، شار و شارۆچکە دیاری دەکرێن.

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە کوردستان ڕایگەیاند کە...............................

هەروەك لەم نموونەیەدا دەبینن، میحوەری سەرەکی هەواڵەکەمان(چی) واتا هەڵبژاردنەکانە.

**پێکهێنەری (بۆچی):**

ئەگەرچی ئەم پێکهێنەرە بۆ جۆرێك بە مانای تەفسیری ڕووداوە، بەڵام بە شێوەی گشتی خوێنەر یان بیسەر حەز دەکات هۆکاری ڕوودانی ڕووداوێك بزانێت.

بۆ نموونە کاتێك گەمییەك لە ئاودا نغرۆ دەبێت لە ئاژانسەکانی هەواڵ یان ڕۆژنامەکان زانیاریی سەرەتایی سەبارەت بە ڕووداوەکە بڵاو دەکرێتەوە وەك ئەوەی (گەمییەکە لە کوێ نغرۆ بووە، ڕووداوەکە سەعات چەند ڕووی داوە، چەند کەس بوونەتە قوربانی، چەند کەس لە گەمییەکەدا بوونە و

.....هتد) بۆیە رەنگبێ لە یەکەم سەعاتەکاندا نەزاندرێت بۆچی ئەو گەمییە نغرۆ بووە. بەڵام دواتر تیمەکانی لێکۆڵینەوە ئاشکرای دەکەن کە ئەوە لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە بووە لە بەشی کۆنترۆڵی گەمییەکە یان تەقینەوەیەك بووە لە عەمباری گەمییەکەدا یان هەر هۆکارێکی دیکە.

کەواتا (بۆچی) باس لە هۆکاری رووداوێك دەکات کە بۆی هەیە هەر ئەو دەمە هۆکارەکەی دیار بێت، یان بە پێچەوانەوە رەنگبێ تاوانێك دەساڵی بەسەردا تێپەڕ بێت ئینجا ئاشکرا بێت.

**پێکهێنەری(چۆن):**

پێکهێنەری (چۆن) بریتییە لە وەسفی رووداوێك کە روویداوە. وەسفەکان لە تەلەڤزیۆندا زۆر گرنگییان نییە، چونکە هەواڵی تەلەڤزیۆنی وێنەی لەگەڵدایە و ئەگەر باس لە شیوەنی دایکێك بکەین لە سەر تەرمی کوڕەکەی کە لە لایەن پۆلیسەوە بە هەڵە کوژراوە، پێویست ناکات بێین وەسفی دەموچاوی ئافرەتەکە بکەین، یان بڵێین چی دەکرد، ئەگەر وێنەمان هەبێت، دیارە کە دایکەکە شیوەن دەکات و سەر و پرچی خۆی دەڕنێتەوە و...هتد. بەڵام ئەگەر هەمان هەواڵ بیۆێنە لە رۆژنامەدا بلاو بکەینەوە پێویست دەکات باسی ئەو حاڵەتانە بکەین کە دایکەکە هەیبووە. هەروەها بە هەمانشێوە لە رادیۆش پێویست دەکات وەسف بایەخی پێ بدرێت.



**کۆتایی ئەم باسە**

**ئەم پێکهێنەرانەی لەم بەشەدا باسیان لێکرا، ئەو پرسیارانەن کە لە زەینی خوێنەردان. پێویستە وەك پێشتریش گوترا رۆژنامەنووس خۆی لە جێگای خوێنەر دابنێت. قەت وانەزانێت کە مادامەکی لە تەلەڤزیۆن بلاّو بۆتەوە کە ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی رووسیایە، پێویست ناکات کاتێ هەواڵەکەی دەنووسێت بە تەواوی پۆتین بە خوێنەرەکەی بناسێنێت. ئەو دەبێ بەردەوام وایدابنێت کە خوێنەرەکەی ئەو هیچ نازانێت و لە رێگەی ئەم هەواڵەوە هەموو شتێك لەبارەی رووداوێکەوە دەزانێت.**

**هەرچەند هەندێکجار وا رێکدەکەوێت کە شەش پێکهێنەرەکە یەکیان لە هەواڵدا بەکار نایەت، بەڵام رۆژنامەنووس دەبێ ئەو وەڵامەشی هەر لابێت، جا چ بەکاری بێنێت یان بەکاری نەیەنێت.**

## (٤)
## نووسینی هەواڵ

نووسینی هەواڵ یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی هەواڵ، هەواڵ کالآیەکە کە رۆژنامەنووس ماوەیەکی زۆر هەوڵی بەدەستهێنانی داوە، ئێستا دەیەوێ بیفرۆشێتە بەرامبەرەکانی، چەندی ئەوکالآیە جوان برازێنێتەوە و بەدڵی خوێنەرەکانی بێت، هێندە باشتر دەفرۆشێت.

خوێندنەوە و تێگەیشتن لەم بەشە یەکجار گرنگە، چونکە لێرەدایە کە رۆژنامەنووس تەواوی توانای خۆی لە بواری رۆژنامەنووسیدا لە مەحەك دەدات. رۆژنامەنووسێك کە چەندین ساعەت بە کۆکردنەوەی زانیارییەوە خەریك بووە، دێتە سەر رێکخستنی ئەو زانیارییانە، بۆ ئەوە دەبێ رۆژنامەنووس بزانێت چەند شێوازی نووسینی هەواڵ هەیە، تایبەتمەندیی هەرکام لەوانە چییە و کامیان باشترە.

لەم بەشەدا وێڕای تەئکید کردنەوە لەسەر ئەوەی کە دەبێ و پێویستە رۆژنامەنووس زمانی پاراو بێت، هەڵەی زمانەوانی و رێنووس نەکات، باسی شێوەکانی داڕشتنی هەواڵ، تایبەتمەندی و باشی و خراپییەکانیان دەکەین.



### ١-گێڕانەوەی مێژوویی:

گێڕانەوەی مێژوویی ئاسانترین شێوەی نووسینی هەواڵێکە کە بە گشتی رۆژنامەنووسانی تازەکار پێڕەویی لێدەکەن و تێیدا مەجال زۆرە بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس بتوانی مانۆڕ بدات.

**بۆ نموونە:** بڕیار وایە سبەی پەرلەمانی کوردستان سەعات ١٠ سەرلەبەیانی کۆبێتەوە و بڕیار لەسەر یاسای وەزارەتی کارەبا بدات و هاوکات متمانە بە دوو وەزیری کابینە بدات کە پێشتر لە سوێندخواردنی حکوومەتدا بەشدار نەبوونە.

ئەمانە دوو بڕگەی بەرنامەی دانیشتنی دەیەمی خولی یەکەمی پەرلەمانن لە ساڵی ٢٠٠٦ دا.

پەیامنێری رۆژنامە نیو سەعاتێك بەر لە وادەی کۆبوونەوەی پەرلەمان واتا ٩,٣٠ لەو شوێنەی کە بۆ پەیامنێرانی دەزگاکانی راگەیاندن لەناو هۆڵی پەرلەمان دیاریکراوە، ئامادە دەبێت و چاوەڕێی دەستپێکردنی دانیشتنەکە دەکات. ئەم چاوەڕوانییە دەبێ هاوکات بە چاودێرییەوە بێت. واتا لەگەڵ کەشوهەوای ئەو رۆژەی پەرلەماندا یەکبگرێت. ئاگاداری پێبەپێی رەوتی رووداوەکانی دانیشتنەکە بکات. بۆ نموونە ئەگەر دانیشتنەکە ١٠ دەقیقە لە وادەی خۆی درەنگتر دەستپێکرد لەبەرچاوی بگرێت و ئاماژەی پێ بکات و ئینجا بەم شێوەیە یادداشت هەڵگرێت:

* دانیشتنی دەیەمی خولی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦.

* بەرنامەی کار بڕیاردان لەسەر یاسای وەزارەتی کارەبا و هاوکات متمانەدان بە دوو وەزیری کابینە کە پێشتر لە سوێندخواردنی حکوومەتدا بەشدار نەبوونە.

* سەعات دە و دە دەقیقە بە دە دەقیقە دواکەوتنەوە دانیشتنەکە دەستیپێکرد.

* عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەوەی لە ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی پەرلەمانتاران دڵنیا بوو، بەناوی خوا و گەلی کوردستانەوە دەستی بە قسە کردن کرد، بەرنامەی کاری خوێندەوە و داوای لە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یاسایی لە پەرلەماندا کرد کە یاسای وەزارەتی کارەبا بخوێنێتەوە

* شێروان حەیدەری سەرۆکی کۆمیسۆنی یاسایی لە پەرلەمان یاسای ئامادەکراوی خوێندەوە.

* یاساکە خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا.

* هەردوو وەزیری نەوت و وەزیری هەرێم کە پێشتر لەبەر ئامادە نەبوونیان لە ڕاگەیاندنی حکوومەتدا متمانەیان لە پەرلەمان وەرنەگرتبوو، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە پێشکەشی پەرلەمان کران.



* سەرۆکی حکوومەت لە وتەیەکی کورتدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەم دوو وەزیرانە دوو کەسایەتی لێوەشاوەن و دوای دیراسەیەکی زۆر بۆ ئەو پۆستانە دەستیشان کراون و هیوادارە کە پەرلەمان متمانەیان پێبدات.

* هەردوو وەزیر، ئاشتی هەورامی وەزیری نەوت و مدحەت مەندەلاوی وەزیری هەریم بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لە پەرلەمانتاران وەرگرت و سوێندی یاساییان خوارد و بەم شێوەیەش دانیشتنەکە کۆتایی پێهات.

وەك دەبینین لەم شێوەیەدا یەك بەیەکی ڕووداوەکان لە دوای یەکتری ریز کراون و هیچیان پێش ئەوی دیکەیان نەخراوە و لە داڕشتندا بۆ سەرەباسی نوێ دەستەواژەکانی (لە سەرەتادا، دواتر، لە درێژەدا، هاوکات، هەروەها، لە لایەکی دیکەوە، بە پێچەوانەوە، هەر لەو چوارچێوەیەدا و.......) چەندین سەرە پەرەگرافی دیکە بەکاردێن و ئەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرێت:

**یاسای وەزارەتی کارەبا و دوو وەزیری کابینە دەنگیان پێدرا.**

سەر لە بەیانیی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی دەیەمی خولی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجام دا.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردان بوو لەسەر یاسای وەزارەتی کارەبا و هاوکات متمانەدان بە دوو وەزیری کابینە کە پێشتر لە سوێندخواردنی حکوومەتدا بەشدار نەبوونە.

**سەرەتا** سەعات دە و دە دەقیقە بە دە دەقیقە دواکەوتنەوە دانیشتنەکە دەستیپێکرد.

**دواتر** عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەوەی لە ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی پەرلەمانتاران دڵنیا بوو، بەناوی خوا و گەلی کوردستانەوە دەستی بە قسە کردن کرد، بەرنامەی کاری خوێندەوە و داوای لە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یاسایی لە پەرلەماندا کرد کە یاسای وەزارەتی کارەبا بخوێنێتەوە.

**هەر لەو چوارچێوەیەدا** شێروان حەیدەری سەرۆکی کۆمیسیۆنی یاسایی لە پەرلەمان یاسای ئامادەکراوی خوێندەوە و دواتر یاساکە خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا.

**ئینجا** هەردوو وەزیری نەوت و وەزیری هەرێم کە پێشتر لەبەر ئامادە نەبوونیان لە ڕاگەیاندنی حکوومەتدا متمانەیان لە پەرلەمان وەرنەگرتبوو، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە پێشکەشی پەرلەمان کران.

**بەم بۆنەیەوە** سەرۆکی حکوومەت لە وتەیەکی کورتدا لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەم دوو وەزیرانە دوو کەسایەتی لێوەشاوەن و دوای دیراسەیەکی زۆر بۆ ئەو پۆستانە دەستیشان کراون و هیوادارە کە پەرلەمان متمانەیان پێبدات.

**لە کۆتاییدا** هەردوو وەزیر، ئاشتی هەورامی وەزیری نەوت و مدحەت مەندەلاوی وەزیری هەریم دوای نزیکەی مانگێك لە ڕاگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێم بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لە پەرلەمانتاران وەرگرت و سوێندی یاساییان خوارد و بەم شێوەیەش دانیشتنەکە کۆتایی پێ هات.



لەم شێوە داڕشتنەدا وەك دیارە گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر یادداشتەکاندا نەهاتووە تەنها ئەوەندە نەبێ هەندێ وشەی بۆ جوانکاری و ڕەوانبێژی بۆ زێدە کراوە. ئەم شێوازە بۆیە ناونراوە گێڕانەوەی مێژوویی چونکە پاش و پێش بە بابەتەکان ناکرێت. میدیا حزبییەکانی کوردستان بەو جیاوازییەی کە کەسایەتییە سیاسییەکان پێش ڕووداوەکان دەخەن، هەرهەموویان پابەندی ئەم شێوازەن.

هەروەك پێشتر باسکرا ئەم شێوازە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە پێ دەنێنە بواری نووسینی هەواڵەوە زۆر باشە بە مەرجێك تا هەتایە لەسەری بەردەوام نەبن! چونکە لەم شێوازەدا زانیارییەکان بە پێی گرنگییان لە هەواڵدا لەدوای یەکتری ڕیز نەکراون و جیا لەوەی ڕادەی سەرنجڕاکێشی تێیدا کەمە، ئەگەر بێتو هەواڵێکی لەم چەشنە لە ڕۆژنامەدا لەبەر نەبوونی جێگە لە لاپەڕەدا هەندێکی لێ بقرتێندرێت، ئەوا هەواڵەکە هیچ مانایەکی نامێنێت. ڕەنگبێ ئێستا بڵێین ئەی چارە چییە.

بەڵام هەواڵنووسین هەر ئەم شێوازەی نییە و چەندین شێوەی دیکەی داڕشتن هەیە کە بە قەناعەتی من گرنگترینیان هەرەمی سەراوبنە کەئێستا باسیدەکەین و چارەسەری ئەو حاڵەتە دەکات و ڕادەی سەرنجڕاکێشیی زۆرە.

## ٢- هەرەمی سەراوبن:

لە شێوازی گێڕانەوەی مێژووییدا دیتمان کە ڕووداوەکان نەك بەپێی گرنگییان، بەڵکە بەپێی مێژووی ڕوودانیان دەگێڕدرانەوە، بەڵام لەم شێوازەدا بە پێچەوانەوە، گرنگترین بەشەکانی هەواڵ لە سەرەتادا دێن و تا

له کۆتایی هەواڵ نزیك دەکەوینەوە گرنگیی بابەتەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر هەر ئەو هەواڵەی لەسەرەوە بە شێوازی هەرەمی سەراوبن بنووسینەوە ئەمەی خوارەوەی لێ دەدەردەچێت:

**یاسای وەزارەتی کارەبا و دوو وەزیری کابینە دەنگیان پێدرا**

*دوای نزیکەی مانگێك لە راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای وەزارەتی کارەبا و وەزیرەکانی نەوت و هەرێم ئاشتی هەورامی و مدحەت مەندەلاوی متمانەیان لە پەرلەمان وەرگرت.*

پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا کە سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی بۆ پێشکەش کردنی وەزیرەکانی بە پەرلەمانتاران تێیدا ئامادە ببوو، ئەمڕۆ بە دە دەقیقە دواکەوتن لە وادەی راگەیەندراو واتا لە دە و دە دەقیقەی پێش نیوەڕۆ کۆبۆوە.

دوای خوێندنەوە و پەسندکرانی یاسای وەزارەتی کارەبا سەرۆك وەزیران لە وتەیەکیدا لەبەردەم پەرلەمانتاران بەرگری لە کەسایەتیی وەزیرەکانی کرد و داوای لەپەرلەمانتاران کرد کە دەنگی متمانەیان پێبدەن.

ئەم دوو وەزیرە کە لە کاتی راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێم ئامادە نەبوون، بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لە پەرلەمانتاران وەرگرت و سوێندی یاساییان خوارد.

هەروەك لەم شێوازەدا دیارە زانیارییەکان پاش و پێشیان پێکراوە و بەپێی گرنگیان لە هەواڵەکەدا هاتوون. بۆیە تا لە کۆتایی هەواڵ نزیکتر دەبینەوە گرنگیی زانیارییەکان کەمتر و کەمتر دەبێتەوە، بۆ زۆر بە ئاسانی



دەکرێ هەواڵەکە بەپێی ویست کورتتر و کورتتر بکرێتەوە و هیچ زیانێك بە مەبەستی سەرەکی ناگات.

ئەم شێوازە یەکێکە لە باشترین شێوازەکانی نووسینی هەواڵ و زۆرترین بەکاربردنی لە میدیا و رۆژنامەکانی جیهاندا هەیە. باشییەکانی ئەم شێوازە ئەوەیە کە بە راستی خوێنەر ماندوو ناکرێت و هەر لە سەرەتاوە زانیاریی دەدرێتێ، ئەگەر هەواڵەکەی بەدڵ بوو ئەوا تا کۆتایی دەیخوێنێتەوە، بەڵام لە شێوازی گێڕانەوەی مێژووییدا بۆ ئەوەی خوێنەر زانیاریی دەستبکەوێت دەبێ تا کۆتایی هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

ئەمە تەنها بۆ خوێنەر سوودی نییە، بگرە مەهارەت و لێوەشاویی رۆژنامەنووسیش بەدیاردەکەوێت، یەکەمیان لەوەی کە چۆن زانیاریی پلە یەك هەڵبژێرێت و دووەمیان کورت و پوخت بیاننووسێتەوە. هەروەها کاری رۆژنامەنووس لە هەڵبژاردنی ناونیشانی هەواڵ (عنوان) ئاسانتر دەکات، چونکە زانیاریی پێویست بۆ ناونیشانی هەواڵەکە لە لید(دوای بەشە بە شێوەیەکی زۆر چڕ و پڕ دێمە سەر باسکردنی لید بە هەموو جۆرەکانییەوە) کە لە هەواڵەکەدا هەیە و بەپێچەوانەوە دەبێ هەموو هەواڵەکە بخوێنێتەوە تا ناونیشانێك بۆ هەواڵەکەی هەڵبژێرێت.

### ٣- گێڕانەوەی مێژوویی بە لیدەوە:

ئەم شێوازە کە لێکدراوی هەردوو شێوازی پێشووە، بەو واتایەی کە هەم لیدی تێدایە و هەمیش رووداوەکان بەپێی روودانیان لە هەواڵەکەدا هاتوون.

**بۆ نموونە:**

یاسای وەزارەتی کارەبا و دوو وەزیری کابینە دەنگیان پێ درا

*دوای نزیکەی مانگێك لە راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یاسای وەزارەتی کارەبا و وەزیرەکانی نەوت و هەرێم ئاشتی هەورامی و مدحەت مەندەلاوی متمانەیان لە پەرلەمان وەرگرت.*

سەر لە بەیانیی ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی دەیەمی خولی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ ئەنجامدا.

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردان بوو لەسەر یاسای وەزارەتی کارەبا و هاوکات متمانەدان بە دوو وەزیری کابینە کە پێشتر لە سوێندخواردنی حکوومەتدا بەشدار نەبوونە.

**سەرەتا** سەعات دە و دە دەقیقە بە دە دەقیقە دواکەوتنەوە دانیشتنەکە دەستپێیکرد.

**دواتر** عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان دوای ئەوەی لە ڕێژەی ئامادەبوونی یاسایی پەرلەمانتاران دڵنیا بوو، بەناوی خوا و گەلی کوردستانەوە دەستی بە قسە کردن کرد، بەرنامەی کاری خوێندەوە و داوای لە سەرۆکی کۆمیسیۆنی یاسایی لە پەرلەماندا کرد کە یاسای وەزارەتی کارەبا بخوێنێتەوە.

**هەر لەو چوارچێوەیەدا** شێروان حەیدەری سەرۆکی کۆمیسۆنی یاسایی لە پەرلەمان یاسای ئامادەکراوی خوێندەوە و دواتر یاساکە خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا.



**ئینجا** هەردوو وەزیری نەوت و وەزیری هەرێم کە پێشتر لەبەر ئامادە نەبوونیان لە راگەیاندنی حکوومەتدا متمانەیان لە پەرلەمان وەرنەگرتبوو، لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمەوە پێشکەشی پەرلەمان کران.

**بەم بۆنەیەوە** سەرۆکی حکوومەت لە وتەیەکی کورتدا لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەم دوو وەزیرانە دوو کەسایەتی لێوەشاوەن و دوای دیراسەیەکی زۆر بۆ ئەو پۆستانە دەستیشان کراون و هیواداره کە پەرلەمان متمانەیان پێبدات.

**لە کۆتاییدا** هەردوو وەزیر، ئاشتی هەورامی وەزیری نەوت و مدحەت مەندەلاوی وەزیری هەریم دوای نزیکەی مانگێك لە راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی هەرێم بە زۆرینەی دەنگ متمانەیان لە پەرلەمانتاران وەرگرت و سوێندی یاساییان خوارد و بەم شێوەیەش دانیشتنەکە کۆتایی پێ هات.

هەروەك لە هەواڵەکەدا دیارە، سەرەتا کورتکراوەیەکی تەواوی ڕووداوەکە لە سەرەتادا هاتووە کە پێی دەگوترێت(لید) و دواتر ڕووداوەکە بە تەواوەتی گێڕدراوەتەوە.

تایبەتمەندیی ئەو شێوازە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا ڕووداوەکە بە خوێنەر ناسێندراوە، دواتر بە تەواوی وردەکارییەوە ڕووداوەکە گێڕدراوەتەوە. وەك لە پێشتریشدا گوترا خراپی ئەم شێوازە ئەوەیە کە کاتێك ناچار بیت لەبەر نەبوونی شوێن لە رۆژنامەکەتدا پەرەگرافێك لە هەواڵەکە لابەریت، هەواڵەکە مانای خۆی لەدەستدەدات.

**٤- گەڕانەوە بۆ دواوە:**

لەم شێوازەدا کە پتر بۆ نووسینی هەواڵی کورت بەکار دێت، سوود لەرابردووی باسێك یان ڕووداوێکی پەیوەندیدار وەردەگیرێت بۆ گرنگیدان بە ڕووداوێکی دیکە. هەروەها چونکە هەواڵەکە کورتە یان درێژەی ڕووداوێکی بەر لە خۆیەتی دەبێ سوود لەم شێوازە وەربگیردرێت.

**بۆ نموونە:**

لە ئەنجامی بوومەلەرزەیەك کە لە پاکستان ڕووی داوە لە ڕۆژی یەکەمدا ٤٠ کەس بوونەتە قوربانی. ڕۆژی دووەم دەگوترێ تەرمی پێنج کەسی دیکە دۆزراوەتەوە، بۆیە هەواڵی دووەم کە دێت کورتە و دەبێ سوود لەرابردووی هەواڵ وەربگیردرێت.

**نموونەی ئەم هەواڵە:**

**ژمارەی قوربانیانی بومەلەرزەکەی پاکستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرز دەبێتەوە**

*ژەنەراڵ سەیفەدین محەمەد سەرۆکی تیمی فریاگوزاری بومەلەرزەکەی پاکستان وێڕای ڕاگەیاندنی بەردەوامیی گەڕانیان گوتی کە ئەمڕۆ تەرمی پێج کەسی دیکەیان لە ناو پاشماوەی بومەلەرزەکەی ڕۆژی ١٣ مانگ دۆزیوەتەوە و بەمەش ژمارەی قوربانییەکان گەیشتۆتە ٤٥ کەس.*

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو، بومەلەرزەیەك بە هێزی ٧ پلەی ڕیختەری شارەکانی کوەیتە و کەراچیی باشووری ڕۆژهەڵاتی پاکستانی لەرزاند و...هتد.



هەروەك لەم هەواڵەدا دەبیندرێت، زانیاریی نوێ کەمە و دەبێ بۆ ڕاگەیاندنی گرنگیی هەواڵەکە ڕابردووی هەواڵەکە نوێ بکرێتەوە. هاوکات ئەمە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی هەواڵنووسی کە پێویستە تاقیبی ڕووداو بکرێت و زانیاریی پتر بدرێتە خوێنەر.

**٥- شێوازی شیکردنەوەیی:**

ئەمەش یەکێکە لە شێوازەکانی نووسینی هەواڵ کە زۆر بە کەمی بەکار دێت و لە میدیاکاندا زۆر بەرچاو ناکەوێت.

ئەم شێوازە بریتییە لەوەی کە ڕابردووی ڕووداوێك دەگێڕدرێتەوە و هەوڵدەدرێت ڕووداو بە خوێنەر بناسێندرێت و ڕەهەندەکانی باسیان لێوەبکرێت. ئەگەرچی بەکار هێنانی ئەم شێوازە وەك ئانالیز وایە، بەڵام خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە شێوازەکانی نووسینی هەواڵ.

بۆ نموونە:

**پەرلەمان لە باردۆخی زیندانەکانی کوردستان ناڕازییە**

*سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان عەزیز جەباری دەڵێ وەزارەتی ناوخۆ لە مەسەلەی زیندانییەکانی کوردستاندا هاوکاری پەرلەمان ناکات و شێوازی مامەڵەی ئاسایش و پۆلیس لەگەڵ زیندانییەکان نامرۆڤانەیە.*

لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستاندا لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆڕتی خۆی لەبارەی بارودۆخی زیندان و

زیندانییەکان لە هەرێمی کوردستان خوێندەوە کە تێیدا رەخنەی توند لە وەزارەتی ناوخۆ گیراوە و بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ تۆمەتبار کراوە.

**لە دوو ساڵ بەر لە ئێستاوە وەزارەتی ناوخۆ بەڵێنی دابوو کە لە مامەڵەی خۆیان لەگەڵ زیندانییەکاندا پابەندی بنەماکانی مافی مرۆڤ بن.**

عەزیز جەباری سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان گوتی:" زیندانەکان هیچ مەرجێکی تەندروستییان تێدا بەدی ناکرێت."

**ئەو قسەیەی عەزیز جەباری لەکاتێکدایە کە ساڵی رابردوو بڕی ٣٠ ملیار دینار لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی بینایەی زیندان بە شێوەی مۆدێرن و تەریب لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان تەرخانکرابوو.**

دوای خوێندنەوەیی راپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، بڕیار درا کە رۆژی سێشەممەی داهاتوو، ١٣ ئایار جیا لە وەزیری ناوخۆ..............

ئەم شوێنانەی کە رەشکراون، لە ناوەڕۆکی هەواڵدا نین و ئەوە شیکردنەوە و جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ دواوە کە لە هەمانکاتدا تەئکیدن لەسەر راپۆرتەکەی مافی مرۆڤی پەرلەمان.

### ٦- کۆتاییی سەرنجڕاکێش:

لەم شێوازەدا هەوڵدەدرێت کە گرێی هەواڵ لە کۆتاییدا بکرێتەوە واتا لەو شوێنەی کە هەواڵ کۆتایی پێدێت، زانیاریی کۆتایی بە شێوەیەکی سەیر و سەرنجڕاکێش دەدرێتە خوێنەر.



ئەم هەواڵانەی کە بەهای هەواڵیی سەیر و سەمەرەیی تێدا بێت دەکرێ بەم شێوازە بنووسرێن:

**بۆ نموونە:**

**لەدایکبوونی گۆلکێك کە شەش قاچی هەیە**

*بۆ یەکەمجار لە گوندێکی سنووریی کوردستان گۆلکێك لەدایك بووە کە شەش قاچی هەیە و تەندروستیشی لەوپەڕی باشیدایە.*

ئێوارەی دوێنێ بە هەوڵی تیمێکی پزیشکی ئاژەڵیی سنووری پارێزگای سۆران، لە گوندی وەسانان مانگایەك گۆلکێکی بوو کە شەش قاچی هەیە.

دکتۆر شەمسەدین عەزیز لەوبارییەوە گوتی:" ئەوە یەکەمجارە کە مانگا گۆلکێکی وابیبێت و تا ئێستا شتی وا رووی نەداوە.

**ئینجا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە دایکی گۆلکەکە لە منداڵەکەی خۆی دەترسێت و ئامادە نییە شیری بداتێ و خاوەنی مانگاکە بە مەمکەمژەی منداڵان شیر دەداتە گۆلکەکە.**

هەروەك دەبینن ئەم هەواڵەم لە سەرەتای باسەکە وەك نموونەیەك هێنابۆوە، بەڵام کۆتاییم پێ نەهێنابوو، لەم باسەدا کۆتاییەکی سەرنجڕاکێشم بۆ نووسی تا بزاندرێ چۆن کۆتایی سەرنجڕاکێش دەنووسرێت.

## کۆتایی ئەم باسە

**نووسینی هەواڵ بە هەر یەك لەو شێوازانە بێت ئەگەر بە زمانێکی رەوان و سادە نەنووسرێت، هیچ بەهایەکی نابێت. بە واتایەکی دیکە دەمەوێ پێتان بڵێم گرنگ شێوازەکان نین و بگرە پێویستە هەواڵنووس بتوانێ بە کەمترین وشە لەو هەزاران وشەیەی کە دەیانزانێ، بە شێوەیەکی راست و دروست لە رووی رێنووس و دەستووری زمانەوە هەواڵ دارێژێت. رەچاوی خاڵبەندی و سەرە پەرگراف و کەوانە و.....هتد بکات. ئەگەرچی لە بەشەکانی داهاتوو پتر و بە شێوەیەکی بەرفراوانتر باسی دارِشتنی هەواڵتان بۆ دەکەم، بەڵام پێم باشە بزانن کە زمان یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی کاری هەواڵنووسی.**



## (٥)
## لیدی هەواڵ

**لید و گرنگیی لید:**

لید گرنگترین بەشی هەواڵ یان پوختەی گرنگترین بەشەکانی هەواڵێکە کە هەر وەك پێشتر دیتتان لە سەرەتای شێوازی نووسینی هەرەمی پێچەوانە و شێوازی مێژوویی بە لیدەوە هات. لید لە هەموو بەشەکانی میدیادا گرنگە" لە رۆژنامەکاندا دوای ناونیشانی هەواڵ لید کە کەمێك تۆختر لە رەنگی ناوەرِۆکی هەواڵ نووسراوە، سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت. هەروەها لەرادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانیش بەر لەوە درێژەی هەواڵەکان بخوێندرێتەوە، پوختەیەکی هەواڵ دەخوێندرێتەوە کە ئەوە لیدە.

لید دەروازەی هەواڵە و ئەگەر بێتو بە کورتی و بە وشەی کاریگەر نووسرابێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خوێنەر ناچار بێت هەواڵەکە بخوێنێتەوە.

هەر بۆیە لە پێناسەی لیددا، فەرەنسییەکان دەڵێن: (پەلاماردان)ی خوێنەر لە رێگەی وشەوە.

رەنگبێ ئێستا بپرسن جیاوازیی لید لەگەڵ پێشەکیدا چییە؟

لید و پێشەکی بەوە لێك جیا دەکرێنەوە کە لە پێشەکیدا کە لە شێوازی گێڕانەوەی مێژووی بۆ هەواڵ دەنووسرێت، بەهایەکی هەواڵیی ئەوتۆ بەدی ناکرێت و تەنها بیانوویەکە بۆ دەسپێکردنی هەواڵ و ئەگەر خوێنەر بیخوێنێتەوە ناتوانێت بەو چەندرستەیە شتێکی ئەوتۆی لە ناوەڕۆکی هەواڵ دەستبکەوێت. کەچی بە پێچەوانەوە لە لیددا خوێنەر تەنانەت بێ ئەوەی درێژەی هەواڵ بخوێنێتەوە سەرەداوێکی دەستکەوتووە. ئێستا ئەوەتان بە نموونە بۆ روون دەکەمەوە.

**نموونە بۆ پێشەکی:**

**١- ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی سەرۆك و جێگری سەرۆك، پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.**

**٢- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا تیشکی خستە سەر کێشە و کاروبارە ناوخۆییەکانی کوردستان.**

**نموونە بۆ لید:**

**٣- لە تازەترین بڕیاری حکوومەتی هەرێمدا، لەمەودوا ١٠٠ هەزار دەرماڵەی مەترسیداری بۆ پەرستیاران خەرج دەکرێت.**

**٤- سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بە هەموو هێز و تواناوە بەرەنگاری سوپای تورکیا دەبێتەوە و رێگە نادات پێ بنێنە خاکی کوردستانەوە.**



زۆر بە ئاسانی جیاوازی نێوان لید و پێشەکی بەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێت. وەك دەبینن لە نموونەی ٣ و ٤ دا تەنانەت ئەگەر خوێنەر بەدوای ناوەڕۆکی هەواڵ نەکەوێت پەیامێکی گرنگی پێ گەیشتووە و ناچارە بزانێت دوای ئەوە چی دێت. بەڵام لە نموونەی ١ و ٢ دا خوێنەر هیچ سەرەداوێك بەدیناکات و بۆی هەیە هەواڵەکە نەخوێنێتەوە.

### قەبارەی لید:

لید دەبێ چەند درێژ بێت؟ چی تێدا بێت و چۆن بنووسرێت؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن کە وەڵامەکانیان لای رۆژنامەنووسان جیاوازن. سەبارەت بە قەبارەی لید واتا درێژی و کورتیی لید لە هەواڵدا هەندێك پێیانوایە کە دەبێ لید لەرستەیەك پتر نەبێت، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە بەلای کەم رستەیەك و بەلای زۆرەوە لە سێ رستە پتر نەبێت. جیا لەو پێوانانە هەندێکی دیکە بە وشە پێوانەی کورتی و درێژیی لیدیان کردووە و دەڵێن کە وا باشە لید لە ٣٠ وشە کەمتر و لە ٦٠ وشەش پتر نەبێت. هەر یەك لەو بیروڕایانە لە شوێنی خۆیان راستن، بەڵام لە هەقیقەتدا وا باشە رۆژنامەنووس خۆی بە یاسای و رێسای لەم چەشنەوە نەبەستێتەوە. درێژی و کورتیی لید بەو هەواڵەوە بەندە کە دەمانەوێ بینووسین. بۆ نموونە بۆ هەواڵێکی چوار دێڕی ناتوانین ٣٠ وشە لید بنووسین:

**نموونە:**

*وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان حوسێن عەلی، ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە دەچووە سەر کاری خۆی لە شەقامی هەڵەبجە، لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و بە سەختی بریندار بوو.*

ئەم لیدە پێکهاتووە لە ٣١ وشە و لەو هەواڵەیدا کە لەم کاتەدا دەینووسین رەنگبێ زانیاریی دیکە هەر ئەوەندە هەبێ کە وەزیر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنە و باری تەندروستیی باشە و...هتد. کەواتا هەواڵەکەمان کورتە، بۆیە دەکرێ لە هەواڵێکی وەهادا لیدێکی لەم شێوەیە بنووسین:

*لەناو جەرگەی هەولێر هەوڵی تیرۆکردنی حوسێن عەلی وەزیری ناوخۆ هەرێمی کوردستان درا و وەزیر بە سەختی بریندار کرا.*

ئەمڕۆ چەند چەکدارێکی نەناسراو لە شەقامی هەڵەبجە کە کەوتۆتە ناوەندی هەولێر و لە چەند سەد مەتریی باڵاخانەی وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، تەقەیان لە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی وەزیری ناوخۆی کرد و لە ئەنجامدا وەزیر بە سەختی بریندار بوو.

بەپێی دوایین هەواڵ وەزیری ناوخۆ ئێستا لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێرە و باری تەندروستیی باشە.

لیدی ئەم هەواڵە تەنانەت ئەگەر کەمێك لەوە درێژتریش بێت واتا لێدوانی دکتۆرێك یان بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆشی بەدواوە بێت، لیدێکی گونجاوە کە بە ١٨ وشە نووسراوە و کۆی رووداوێکی تێدا کورت کراوەتەوە. نە سێرستەیە و نە ٣٠ وشەشە، کەواتا خۆ بەستنەوە بەرستە و وشە باش نییە.



**بنەماکانی نووسینی لید:**

لەبەر ئەوەی لید پوختەی گرنگترین بەشەکانی هەواڵێکە و پێویستە لەوێوە سەرنجی بەرامبەرەکان واتا خوێنەرانی خۆمان راکێشین دەبێ بەر لەوەی لید بۆ هەواڵێك بنووسین چەند پرسیارێك لە خۆمان بکەین:

١- گرنگترین بەهای هەواڵیی رووداوەکە کامەیە؟
٢- بەرامبەرەکان(خوێنەران و بیسەران)ی هەواڵەکەمان چ کەسانێکن و چ شتێك بەلای ئەوانەوە گرنگە؟
٣- لە کام دەزگای راگەیاندن کار دەکەین و سیاسەت و تێڕوانینی چییە؟
٤- چۆن دەتوانین بە کەمترین وشە زۆرترین زانیاری بدەین بە خەڵك؟

دوای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە هەوڵدەدەین کە:

١- بە وشەی سەرنجڕاکێش، زیندوو و ورووژێنەر، گرنگترین بەشی هەواڵ بۆ خوێنەر بنووسین.
٢- خۆمان لە نووسینی شتی لاوەکی و کەم بایەخ لەناو لیددا بپارێزین.
٣- ئەو بابەتەی کە روون نەبێ یان شتێکی گشتی بێت، لە لیددا نەینووسین.
٤- ئەگەر هەواڵەکەمان نوێ بێت و کەس پێش ئێمە پێی نەگەیشتبێت، دەکرێ لەرادیۆ، تەلەڤزیۆن و ئاژانسدا بەهای هەواڵیی کات بە دەستەواژەکانی هەر ئێستا، چەند دەقیقەیەك بەر لە ئێستا، سەعاتێك بەر لە ئێستا و .....هتد، هەواڵەکەمان دەستپێبکەین.

٥- لەرادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسدا تا بۆمان بکرێت ئەگەر هەواڵەکەمان کۆن بوو، بە وشەی دوێنێ و پێرێ و...هتد دەست بە هەواڵ نەکەین چونکە کاریگەری خراپی بەسەر سایکۆلۆژیەتی بینەر و بیسەردا دەبێت.

٦- ئەگەر ئەو کەسانەی لەناو لیددا ناویان دەهێنین، کاریان لەناو زەینی خوێنەرماندا جێگیر نەبوویێت، دەبێ ئەو کەسانە پێناسە بکرێن. واتا کاتێك دەنووسین(بان کی مۆن) دەبێ بنووسین سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**جۆرەکانی لید:**

لید لە رووی ناوەڕۆك و پێکهاتەوە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبێت، بە خوێندنەوەی ئەو بەشە دەتوانن هەم فێری نووسینی جۆرەکانی لید بن و هەمیش بتوانن جۆرەکانی لید لە یەکتری جیا بکەنەوە.

**الف: لید لە رووی ناوەڕۆکەوە:**

لیدەکان لە رووی ناوەڕۆکەوە سێ جۆرن. لیدی پڕناوەڕۆك، لیدی بێ ناوەڕۆك و لیدی گونجاو.

١- لیدی پڕناوەڕۆك ئەو جۆرە لیدەیە کە بە گشتی رۆژنامەنووسە تازەکارەکان بە کاری دێنن و هەوڵدەدەن تەواوی وردەکارییەکانی رووداوێکی تێدا کۆبکەنەوە.



**بۆ نموونە:**

بە هۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەرازیلی رەنگی سپی بە ژمارەی ١٢٣٤٥-هەولێر کە مامەند وەسمان ٣٤ لێیدەخوڕی، لەگەڵ سۆپەرێکی سووری ژمارە ٢٣٤٥-سلێمانی کە حەمەدەمین شێخە٣٥ لێدەخوڕی، دوو لە سەرنشینانی ئۆتۆمبێلی بەرازیلی بە ناوەکانی رەزا عەلی ١٣ و فاتمە ساحیب٢٣ بریندار بوون.

وەك لەو نموونەیەدا دەیبینن، ئەوە لیدێکی یەکجار درێژ و پڕناوەڕۆکە و هیچ وردەکارییەکی ئەوتۆ نەماوە رۆژنامەنووس لە بەشەکان و پەرەگرافەکانی دواییدا باسیانبکات و بە واتایەکی دیکەدا خۆی چەك کردووە. بۆیە نووسینی ئەم جۆرە لیدە هیچ گونجاو نییە و خوێنەر ماندوو دەکات و تەنانەت دوور نییە وا بکات واز لە خوێندنەوەی هەواڵەکە بێنێت.

٢- لیدی بێ ناوەڕۆك: لیدێکە کە بە پێچەوانەی لیدی پڕناوەڕۆك، ناوەڕۆکی نییە و هیچ بەشێکی گرنگی هەواڵ، بەهای هەواڵی تێدا نییە و زانیاری لەبارەی پێکهاتەکانی هەواڵی تێدا نییە.لە راستیدا ناکرێ بەو لیدە بگوترێ لید، چونکە وەکو پێشەکی وەڵامی پێکهاتەکانی هەواڵ ناداتەوە.

بۆ نموونە:

- **شەڕ روویدا.**
- **پەرلەمان کۆبۆوە.**

وەك لەو نموونانەی سەرەوەدا دەبینن، لەو دوو لیدەدا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ نەهاتووە کە وابکەن خوێنەر مەراقی بۆ خوێندنەوەی هەواڵ زیاد بکات. بۆیە بەوانەش ناگوترێ لید.

٣- ليدى گونجاو: ليدى گونجاو وەك لە سەرەتاى باسى ليددا گوتمان ئەو ليدەيە كە لە رووى قەبارەوە لەگەڵ قەبارەى هەواڵ بگونجێت، سەرنجى خوێنەر رابكێشێت بۆ خوێندنەوەى درێژەى هەواڵ، وەڵامى پێكهاتەكانى هەواڵى تێدا بێت.

**نموونە:**

*لەناو جەرگەى هەولێر هەوڵى تيرۆكردنى حوسێن عەلى وەزيرى ناوخۆ هەرێمى كوردستان درا و وەزير بە سەختى بريندار كرا.*

لێرەدا پێويستە ئەوەتان بۆ باس بكەم كە باسكردنى ليد لە رووى ناوەرۆكەوە تەنها بۆ روونبوونەوە و ناسينى ليدە. ليدى پڕناوەرۆك و ليدى بێ ناوەرۆك ليد نين و بە هيچ شێوەيەك ناگونجێ لە هەواڵدا بەكار بهێندرێن.

**ب: ليد و جۆرەكانى لەرووى پێكهێنەرەكانى هەواڵ:**

پێشتر زۆر بە درێژى و بە نموونەوە باسى پێكهێنەرەكانى هەواڵم كرد.ليدەكان بە شێوەى گشتى بە يەكێكە لەNews Elements واتا پێكهێنەرەكانى (كێ، كوێ، كەى، چى، بۆچى، چۆن؟) دەست پێدەكەن و هەر بەم هۆيەشەوە ناو دەنرێن.

**١- ليدى(كێ):**

ليدێكە كە بە پێكهێنەرى هەواڵيى (كێ) دەستپێدەكات. ئەو كێيە دەتوانێ كەسايەتييەكى راستەقينە يان دامەزراوێكى حقوقى بێت.



نموونە:

**سكرتێرى گشتى نەتەوە يەكگرتووەكان** رايگەياند كە پێويستە ئەمريكا ژمارەى هێزەكانى خۆى لە عێراق كەم بكاتەوە.

**وەزارەتى ناوخۆى ميسر** لە هەڵمەتێكدا بە سەدان لايەنگرى ئيخوانولموسليمينى دەستگيركرد.

**٢- ليدى(كوێ):**

ليدێكە كە بە پێكهێنەرى هەواڵيى (كوێ) دەستپێدەكات.

**لە هەولێر** بە هەزاران قوتابيى ناوەندى و دواناوەندى دژى بڕيارێكى وەزارەتى پەروەردە مانيان گرت.

**٣- ليدى(كەى):**

ليدێكە كە بە پێكهێنەرى هەواڵيى (كەى) دەستپێدەكات و گوزارش كاتى روودانى هەواڵ دەكات. بە شێوەى گشتى هەواڵەكان بە پێكهێنەرى هەواڵيى (كەى) و (كوێ) دەست پێ ناكەن، مەگەر ئەو كاتەى كە پێكهێنەرى كات واتا هەواڵەكە پێش هەموو كەس دەست ئێوە كەوتبێت و ئێوە بتانەوێ خێرايى خۆتان لە گواستنەوەى رووداوێككدا رابگەيەنن.

**بۆ نموونە:**

**چەند ساتێك بەر** لە ئێستا تەقينەوەيەكى بەهێز بارەگايەكى پۆليسى لە شارى موسڵ هەژاند.

وەك دەبينن ليرەدا كات گرنگه و زۆر بەرجستە كراوە و نيشاندەدات كە ئێوە لە هەمووان خێراتر هەواڵەكەتان پێگەیشتووە.

بەڵام سەبارەت بە شوێن و بەرجەستەكردنی شوێن، بە شێوەی گشتی ئەگەر بمانەوێ لەبارەی شوێنێكی قەیراناوی (شەڕ، كارەساتی سرووشتی، كودتا و... هتد) هەواڵ بنووسین و سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو ناوچەیە راكێشین بە پێكهێنەری كوێ دەستپێدەكەین. یان هەروەك پێشتر باسمانكرد ئەگەر شوێن گرنگترین بەهای هەواڵیی رووداوێك بێت ئەوا حەتمەن لە لیددا بەرجەستە دەكرێت.

**٤- ليدی(چی):**

ليدێكە كە بە پێكهێنەری هەواڵیی (چی) دەستپێدەكات و ماهیەتی رووداوێك باسدەكات. بە شێوەی گشتی زۆربەی هەواڵەكان بە پێكهێنەری هەواڵیی (چی) و (كێ) دەستپێدەكەن.

نموونە:

**بارینی باران** بەخوڕ سێ خانووی رووخاند.

**هەستانی لافاو** لە سلێمانی سەدان كەسی بێ ماڵ و حاڵ كرد.

**جیا لەوانەش پێشتر نموونەمان بۆ لید بە پێكهێنەری كێ هێنابۆوە.**

**٥- ليدی (بۆچی):**

ليدێكە كە بە پێكهێنەری بۆچی دەستپێدەكات و هۆكاری رووداني رووداوێك دەوردەخات.



بۆ نموونە:

**بە هۆی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەوە**، لە دوو رووداوی جیاوازدا لە دەروازەی هەولێر یازدە كەس بوونە قوربانی.

زۆر جار دەكرێ ئەم وشەی(بە هۆی) یەش بەكار نەیەنین و بنووسین:

**خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل** لە دەروازەی شاری هەولێر یازدە كەسی كردە قوربانی.

**٦- ليدی (چۆن):**

ليدێكە كە تێیدا چۆنیەتیی رووداني رووداوێكی تێدا بەرجەستە كراوە.

بۆ نموونە:

**بە بەشداریی** دەیان خانەی چاپ و بڵاوكردنەوە، یەكەم پێشانگای نێودەوڵەتیی كتێب لە سلێمانی كرایەوە.

وەك لەو نموونانەدا دیتتان بە هەر یەك لە بەهاكانی هەواڵ لید دەنووسرێت و دەستپێدەكات. بە واتایەكی دیكە هەر لیدێك كە نووسیومانە قابیلی ئەوەیە سەر لە نوێ بە بەهایەكی هەواڵیی جیاواز لەوەی كە پێی نووسراوە بنووسرێتەوە.

**ج: لید و جۆرەكانی لەرووی بابەتەوە:**

دیارە تەنها پێكهێنەرەكانی هەواڵ نین كە جۆرەكانی لید لە هەواڵدا لە یەكتری جیا دەكەنەوە. ناوەڕۆكی لید یەك بابەتی یان چەند بابەتی بوونی

هەواڵیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێ بەپێی هەواڵەکە لید بنووسرێت. لەمەشیاندا لیدەکان لەرووی بابەتەوە دەکرێنە دوو بەش: لیدی یەك بابەتی و لیدی چەند بابەتی. سەرەتا باسی لیدی یەك بابەتیتان بۆ دەکەم کە ئەویش چەند جۆرێکی هەیە و دواتر دێمە سەر لیدی چەند بابەتیش.

**لیدی یەک بابەتی:**

لەم جۆرە لیدەدا میحوری لیدەکە بابەتێکە کە بەپێی شێوەکانی نووسین بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا کە بە نموونەوە باسکراون دابەشدەکرێ.

**١- لیدی راستەوخۆ:**

ئەم جۆرە لیدە سادەترین جۆری لیدە کە هیچ گرێ و گۆڵێکی تێدا نییە.

**نموونە:**

*وەزیری کارەبا رایگەیاند کە هاوینی ئەمساڵ کێشەی کارەبا چارەسەر دەکرێت.*

**٢- لیدی قووڵ:**

ئەو لیدەش وەك لیدی راستەوخۆ سادەیە، بەڵام بۆ باسکردنی بابەتەکە هەندێك وردەکاریی پتر بەکار هێندراوە کە وادەکات لیدکەمان کەمێك درێژتر بێت.



**نموونە:**

*ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری زیادکردنی مووچەی کارمەندانی راگەیاند. بەپێی ئەو بریارە لە مانگی نیسانی ئەمساڵەوە هەر کارمەندێك بە رێژەی ٦٠٪ ی بنەڕەتی مووچە، زیادە دەخرێتە سەر مووچەکەی.*

**٣- لیدی تەشریحی:**

لەم جۆرە لیدەدا رۆژنامەنووسان یان بەرپرسانی بەشی هەواڵن هەوڵدەدەن بە باسکردنی حاڵەتی دەروونی یان جەستەیی مرۆڤەکان، پتر سەرنجی خەڵك رابکێشن.

**نموونە:**

*منداڵێکی هەشتساڵان لە کاتێکدا کە فانیلەیەکی قۆڵ کورتی لەبەردابوو و کەرتە نانێکی بەدەستەوە لە سەرمان هەڵدەلەرزی لە جادەیەکی دەرەوەی شار دۆزرایەوە.*

**٤- لیدی پرسیاری:**

بەکارهێنانی ئەمجۆرە لیدە لە هەواڵدا زۆر کەمە، بەڵام ئەگەر بتوانرێ لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێندرێت دەتوانێ باش سەرنجی خوێنەر رابکێشێت.

**نموونە:**

*خەڵك چاوەڕوانی ئەوە دەکەن داخۆ نوێنەرانیان لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانن چارەسەرێك بۆ کێشەی سووتەمەنی بدۆزنەوە؟*

**٥- لیدی گواستنەوەیی:**

لەم جۆرە لیدەدا کە دیسان دەچێتە قاڵبی لیدی یەك بابەتییەوە، لە بەشی یەکەمی لیدەکەدا دەقی قسەیەك دەگوازرێتەوە و دوایی هەر وەك درێژەی ئەو قسانە لیدەکەمان دەنووسین.

نموونە:

*"سوپای تورکیا ناتوانێ یەك مەتر بێتە ناو خاکی کوردستانەوە."*

*سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە مەراسیمی یادی شەهیدانی هەڵەبجەدا لە هەولێر، بەم رستەیە هۆشداریی دایە تورکیا کە بیر لە پەلاماری سەربازی بۆ سەر کوردستان نەکاتەوە.*

**٦- لیدی ئەدەبی:**

جۆرێکی دیکەی لیدی یەك بابەتییە کە بە قسەیەکی نەستەق یان بە شێوەیەکی ئەدەبیانە دەستپێدەکات. کەم بەکاردێت چونکە ناتوانین هەموو جۆرە هەواڵێك بەم شێوەیە بنووسین. بۆ نموونە ئەگەر رووداوێکی هاتوچۆ لە نێوان هەولێر و سەلاحەدین روویدابێت و ٢٠ کەس بووبنە قوربانی دەتوانین لیدەکەی خۆمان ئاوا دەستپێبکەین:

*رێگەی نێوان هەولێر و سەلاحەدین بووە گۆمی خوێن. پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل بووە هۆی کوژران و برینداربوونی ٢٠ کەس.*

یان ئەوەتا ئەگەر کوڕی گۆرانیبێژێکی زۆر بەناوبانگ لەپڕێکا بڕیار بدات گۆرانی بڵێت و ئەلبوومی گۆرانی تۆمار بکات، دەکرێ بەم لیدەوە دەست پێبکەین:



*گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە. یوسف کوڕی گۆرانیبێژی بەناوبانگی کوردی تاهیری شەریفی رایگەیاند کە بەم نزیکانە بە شێوازێکی جیا لە باوکی ئەلبومێکی گۆرانی تۆمار دەکات.*

ئیتر بەم شێوازە دەکرێ ئەو قسە نەستەقانە یان ئەو پەیڤە عامیانانەی کە لە نێو زمانی کوردیدا هەن، بەم شێوەیە بۆ هەندێك هەواڵ بەکار بێنین.

**لیدی چەند بابەتی:**

لیدی چەند بابەتی هەروەك لە ناویەوە دیارە بریتییە لەوەی کە لە هەواڵێکدا دوو تا چەند رووداوێك هەبن کە پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەبێت و بمانەوێت لە هەواڵێکدا کۆیان بکەینەوە.نووسینی ئەمجۆرە لیدە لێزانی و شارەزاییەکی زۆری گەرەکە. چونکە دەبێ رۆژنامەنووس بزانێت رادەی پەیوەندیی دوو رووداو چەندە و چۆن پەیوەندییەکیان لە نێواندا دروستدەکات.

**١- لیدی فرە بابەت:**

ئەم جۆرە لیدە بۆ هەندێك رووداوی هاوشێوە دەنووسرێت.

**-تەقینەوەیەك لە بەغدا ١٣ کوژراوی لێکەوتەوە.**

**-تەقینەوەیەك لە کەرکوك ٩ کوژراوی لێکەوتەوە.**

**-ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لە موسڵ پوچەڵکرایەوە.**

ئەمە پوختەی سێ هەواڵە کە بەدەستمان گەیشتوون. هەرسێکیان دەکرێ لە یەك لیددا کۆبکەینەوە و دواتر بچینە سەر وردەکاریی هەر یەك لە رووداوەکان.

ئەم لیدە چۆن دەنووسین؟ سەرەتا وەك لە پێشتردا باسمانکرد راستە کە ژمارەی کوژراوەکانی بەغدا لە هی کەرکوك پترن، بەڵام کەرکوك بۆ رۆژنامەنووسێکی کورد کە لە هەولێر یان سلێمانی یان لە دهۆك کاردەکات چ لە رووی جوگرافی بێت یان چ لە رووی نزیکیی مەعنەوییەوە بێت کەرکوك نزیکترە بۆیە لە لیددا ئەولەوییەتی دەدرێتێ و لیدەکەمان بەم شێوەیە دەنووسین:

*لە دوو تەقینەوەی جیادا لە کەرکوك و بەغدا ٢٢ کەس بوونە قوربانی و هاوکات ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراویش لە موسڵ لە لایەن پۆلیسەوە پوچەڵکرایەوە.*

ئەمە ئەو لیدەیە کە سێ رووداوی لێك نزیك لە رووی ناوەڕۆکەوە، بەڵام دوور لە رووی جوگرافییەوە لە یەکرستەدا کۆدەکاتەوە.

**٢- لیدی بەراوردی:**

ئەم جۆرە لیدە بۆ دوو رووداو دەنووسرێت کە بکرێ لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان بکەین، یان بە واتایەکی دیکە خاڵێکی یەکگرتنیان تێدا هەبێت. بەکارهێنان و نووسینی ئەم جۆرە لیدە مەهارەتێکی زۆری دەوێت.



**بۆ نموونە:**

رووداوی یەکەم: نرخی سووتەمەنی لە بازاڕەکانی کوردستان لە بەرز بوونەوەدایە.

رووداوی دووەم: سەرپەرشتیاری پرۆژە نەوتییەکانی کوردستان رایگەیاند کە دوو بیری دیکە لە تەق تەق گەیشتوونەتە نەوت.

ئەم دوو هەواڵە بە جۆرێك دژی یەکترن. بۆیە زۆر ئاسانە لە یەك لیددا کۆیان بکەینەوە.

**لید:** *لەکاتێکدا کە نرخی سووتەمەنی لە بازاڕەکانی کوردستان بەرز بۆتەوە، سەرپەرشتیاری پرۆژە نەوتییەکانی کوردستان رایگەیاند کە دوو بیری دیکەش لە تەق تەق گەیشتوونەتە نەوت.*

چەندین جۆرە لیدی بەراوردیی دیکەش لێدەدرێن و دەنووسرێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بتوانین رووداوی وا لەگەڵ یەکتری لێکبدەین کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رابکێشێت.

(٦)

## داڕشتنی هەواڵ

دوای ئەوەی رۆژنامەنووس بەشە پێکهێنەرەکانی هەواڵی کۆکردەوە و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ هەواڵەکەی داڕێژێت و بینووسێت، قۆناغێکی فرە سەخت دەستپێدەکات.

باوترین هەڵە لەنێو رۆژنامەنووسانی کوردستاندا لەسەرەتادا بەوە دەستپێدەکات کە رۆژنامەنووسان بەر لە هەموو شتێك ناونیشان بۆ هەواڵەکەی خۆیان دەنووسن، کە ئەوە وا دەکات بکەونە ژێر کاریگەریی ناونیشانەکە و ئەوە بەسەر تێکڕای هەواڵەکەیاندا رەنگبداتەوە. ناونیشانی هەواڵ دوا کارە لە نووسینی هەواڵدا کە ئەویش نەوەد لە سەد ئەگەری ئەوە هەیە کە لە لایەن رۆژنامەوە بگۆڕدرێت. کاری هەواڵنووس یان پەیامنێر ئەوە نییە ناونیشان بۆ هەواڵ بنووسێت، لەبەر ئەوەی ئەگەری گۆڕانی زۆرە و نووسینی پێشوەختی ناونیشانیش کاریگەری خراپ دەخاتە سەر رێڕەوی هەواڵ.



بۆ نووسینی هەواڵ پێویستە زمانێك بەکار بهێندرێت کە هەموو کەس لێی تێبگات،رستەی سادە و کورت بەکار بهێندرێت و خۆ لە بەکارهێنانی وشەی نەبیستراو یان دەستەواژەیەك کە پێویستی بە شەرح هەبێ بپارێزرێت. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کەرستەکانمان کورت بن، بەتایبەتی لە هەواڵی رادیۆ و تەلەڤزیۆن چونکە بیسەر لە مانای رستەی درێژ تێناگات و شانسی ئەوەی نییە جارێکی دیکە گوێرابگرێتەوە، بەڵام لە رۆژنامە ئەگەر رستە کەمێك درێژیش بێت خوێنەر دەتوانی چەند جارێك بیخوێنێتەوە تا تێیدەگات.

زمانی کوردی لەبەر ئەوەی زمانی رۆژنامەنووسی نەبووە و پتر زمانێکی عاتیفی و شۆڕشگێڕانە بووە، کەمایەسیی بەرچاوی لە بواری رۆژنامەنووسیدا تێدا بەدیدەکرێ. جێگیر نەبوونی ئەو دەستەواژانەی کە دوو پەرەگرافی هەواڵ بە یەکترییەوە دەبەستنەوە یان دەبنە هۆی رەوانی هەواڵ بۆ خوێندنەوەی خوێنەر وایکردووە هەواڵەکان زۆر لە قاڵبدراو بێنە بەرچاو. لەوە پتریش دەستەواژەکان لە وڵاتانی دنیا زۆر بە بەربڵاوی جێگەی خۆیان لەناو فەرهەنگی رۆژنامەنووسیدا کردۆتەوە. بە واتایەکی دیکە بەکارهێنانی وشەکان دەربڕی رادەی بێلایەنی و لایەنداری، تەئیید کردن یان نەکردنی بابەتێکن. دەستەواژەگەلی (گوتی، دەڵێ،رایگەیاند، ئیدعای ئەوە دەکات، تەئکید دەکات، پێیوایە، ئاشکرایکرد، روونیکردەوە و ..........) لە زمانی رۆژنامەنووسیی کوردیدا زۆربەی کات بەبێ پێوەری لێکدانەوەی رۆژنامەنووسی بەکار دەهێندرێن، بەڵام لە رۆژنامەنووسیی پێشکەوتوودا بەرامبەری ئەم وشانە لە زمانەکاندا بەکارهێنانیان رادەی دووری و نزیکیی

رۆژنامە یان میدیایەك لە بۆچوونێك، یان دڵنیابوون یان نەبوون لە راستی و درووستیی هەواڵێك دەخەنە روو.

جگە لەوانە بابەتی هەواڵ لەناو هەواڵدا ون دەکرێت و نووسەری هەواڵ لە چڵێکەوە بۆ چڵێکی دیکە دەفڕێت. یان ئەگەر واش نەکات تا کۆتایی هەواڵەکەی وا ناکات خوێنەر هەستبکات کە ئەم هەواڵە لە پێناو چ گرنگییەکدا نووسراوە.

لە راستیدا ئەوانە تەکنیکێکی سادەی بواری دارشتنی هەواڵن کە دەکرێ هەموو کەس فێریان بێت و بە ئاسانی جێبەجێیان بکات.

**بۆ نموونە:**

سبەی **ئەزموونە گشتییەکانی** قۆناغی شەشەمی ئامادەیی دەستپێدەکات.

لەم هەواڵەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە دەمانەوێ باس لە بایەخی ئەزموونە گشتییەکان بکەین لە هەرێمی کوردستاندا. بۆیە دەبێ ئەو گرنگییە لە هەواڵدا درێژەی هەبێت.

*بەبەشداریی پتر لە ٤٠ هەزار قوتابی لە هەر سێ پارێزگای کوردستان قۆناغی یەکەمی **ئەزموونە گشتییەکانی** ئەمساڵی شەشەمی ئامادەیی دەستپێدەکات.*

دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردە رایگەیاند کە لە ئەزموونە گشتییەکانی ئەمساڵدا کە سبەی سێشەممە دەستپێدەکات، ٤٠ هەزار و



**٦٣٥** قوتابی لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك بەشدار دەبن.

ناوبراو تەئکیدی لەوە کردەوە کە **ئەزموونە گشتییەکان** لەچاو پارساڵ چ لەرووی تەکنیکییەوە و چ لەرووی ئامادەیی وەزارەتی پەروەردەوە باشتر دەبن..............

بەم شێوەیە دەبینین مەسەلەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە ئەزموونە گشتییەکانە و هەوڵدراوە ئەوە لەبیر خوێنەر نەچێتەوە کە چیمان گەرەکە.

نموونەیەکی دیکە:

هەواڵێکمان هەیە سەبارەت بەوەی کە خەڵکی فەرەنسا، ئیتالیا و ئیسپانیا و تورکیا لە دژی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق خۆپێشاندانیان ئەنجامداوە.

**هەواڵ::**

*خەڵکی فەرەنسا، ئیتالیا و ئیسپانیا و تورکیا ئەمڕۆ بە خۆپێشاندان سیاسەتەکانی ئەمریکایان لە عێراقدا مەحکوومکرد.*

**لە فەرەنسا** نزیکەی ١٠ هەزار خۆپێشاندەر کە زۆربەیان سەر بە پارتی چەپی فەرەنسی بوون، لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریس کۆبوونەوە و داوایان کرد کە ئەمریکا بە زووترین کات هێزەکانی خۆی لە عێراق بکشێنێتەوە.

**له ئیتالیا** خۆپیشاندەران له شاری ناپۆلیی باشووری ئەو وڵاته داوایان له حکوومەتی وڵاتەکەیان کرد هەڵوێست له بەرامبەر کوشتنی خەڵکی بێدیفاعی عێراق له لایەن هێزەکانی ئەمریکا وەربگرێت.

**له شاری مادریدی ئیسپانیاش** بەسەدان خۆپیشاندەر به درووشمی " نا بۆ داگیرکاری" تاجه گوڵێنەی رەشیان لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا دانا و داوایان له وڵاتانی ئەندامی له یەکیەتی ئەورووپا کرد به هانای خەڵکی عێراقەوە بچن.

**له مەیدانی تەقسیمی شاری ئەستەمبوڵیش** سەرەڕای چاودێریی توندی هێزەکانی ئاسایش................

بەم شێوەیە چەند رووداوێکی جیا، بەڵام پێك پەیوەندیدار بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ئەو رەوانییە تا کۆتایی هەواڵەکە درێژەی هەیە.

جیا لەم باسانە چەندین خاڵی ورد هەیە که له نووسینی هەواڵدا دەبێ تێبینیان بکەین:

**نووسینی ژمارە:**

نووسینی ژمارە له ناو هەواڵدا به شێوەی جیا جیا یەکێکی دیکه لەو هەڵانەیە که دەکرێت. شێوەی راست و درووستی نووسینی ژمارە له هەواڵدا ئەوە نییە که له بیرکاریدا دەنووسرێت. بۆ نموونه ژمارەی(٣٠٠٠٠٠٠) له هەواڵدا بۆ ئەوەی که سفرێك پەڕی تێك نەچێ و خوێندنەوەی بۆ خوێنەر



ئاسان بێت دەبێ بنووسرێ: **٣** ملیۆن. بەم شێوەیە ئاسانترە چونکه رەنگبێ هەندێك کەس نەزانێ ژمارەیەك که شەش سفری بەدواوەیە چەندە؟

یان ژمارەی **٩٦٥٠٧٥٠** دینار دەبێ بنووسرێ: **٩** ملیۆن و **٦٥٠** هەزار و **٧٥٠** دینار.

**نووسینی مێژوو:**

له هەواڵەکاندا زۆربەی کات ئەوە بەدیدەکرێت که نووسراوە: ئەمڕۆ سێشەمە **٢٠٠٦,١٢,١٢** ! ئەمە بەراستی کارێکی زیادیە و له رووی ئیستاتیکای هەواڵەوە ناشیرنە. هەواڵ دەفتەری بیرەوەری نییە. هەواڵی ئاژانسەکان چونکه له سەر تۆڕی ئینتەرنێت دەدرێن له هەموو هەواڵێکدا ئەوە له لای سەرەوە یان بەشێکی له لای بنەوەی هەواڵەکە دەنووسرێتەوە و دەریدەخات هەواڵەکەی کەی و له کوێ و له لایەن کێوە نووسراوە.

**ناونیشانی هەواڵ:** ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی به خێرایی زیاد دەکات.

**ژمارەی هەواڵ: ٢٣**

**شوێنی نووسینی هەواڵەکە:**هەولێر/ ئاژانسی کوردستان

**مێژوو:** دووشەمە٢٠٠٦/١٢/١٢

**پۆلینی هەواڵەکە:** نێودەوڵەتی/ کۆمەڵایەتی

بۆیە لەناو هەواڵدا تەنها دەنووسرێت ئەمڕۆ سەعات ١٢,٢٠ یان دەنووسرێت سەعات ١٧,٣٤ ی ئەمڕۆ.

لە ڕۆژنامەشدا کە ئەو ڕۆژە دەردەچێت و مێژووی ئەو ڕۆژەی بەسەرەوەیە و نووسراوە کە ئەمڕۆ چەند شەممەیە، پێویست بەو هەموو حیکایەتە ناکات و زیادەیە و تەنها پێویستە بنووسرێ ئەمڕۆ یان دوێنێ یان سبەی و...هتد.

**تەمەنی کەسەکان:**

ئێمە لەناو ڕۆژنامەکانی خۆماندا ڕاهاتووین کە کاتێ ناوی یەکێك دەبەین و تەمەنەکەی دەنووسین، دەڵێین: ئەحمەد مووسا عەلیی تەمەن ٣٦ ساڵان". لە ڕۆژنامەکانی دنیادا ئەوەش کورتکراوەتەوە و دەکرێ لێرە ئێمەش وا بکەین. بۆ نموونە: **ئەحمەد موسا عەلی ٣٦، لە کاتی**.....ئاشکرایە کە ناو تەواو بوو و ژمارە هات ئەوە نیشانەی تەمەنیەتی و پێویست نە بە(ی)ی پەیوەندی و نە بە **تەمەن** و **ساڵان** ناکات.

**ناو هێنان و کورتکردنەوەی ناوەکان:**

لە ڕۆژنامەکاندا زۆرجار دەبینین کاتێ ناوی یەکێك دەهێندرێت، هەموو سیفەتەکانی بۆریز دەکەن.

نموونە:

**-دکتۆر کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.**



**-یان بە پێچەوانەی ئەمە کاتێك باسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان دەکەن، ڕێك دەنووسرێ(ی.ن.ك).**

**-یان جۆرێکی دیکەش هەیە ناو زۆر دووپات دەکرێتەوە.**

ئەمانە هەڵەن و هەواڵ ناشیرین دەکەن.

**نموونەیەك:**

***دکتۆر کەمال کەرکوکی** ڕایگەیاند کە فراکسیۆنی پارتی **دیموکراتی** کوردستان پ.د.ك، پێشنیازی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی **نائاساییان داوەتە** سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان.*

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان** ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد کە فراکسیۆنی پ.د.ك لە پەرلەمانی کوردستاندا داوایان لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرووە بۆ تاوتوێکردنی باری ناوخۆی کوردستان کۆبوونەوەیەکی تایبەت و نائاسایی ئەنجامبدرێت.

**ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی پ.د.ك** هاوکات ئەوەشی ڕاگەیاند کە هێشتا پێشنیازەکە لە لایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانەوە نەخراوەتە بەرباس تا بڕیاری لێبدرێت.........

**ناوبراو** لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا سەبارەت.....

وەك لەو نموونەیەدا دەبینین، سیفەت و پلە و پایەکانی کەسەکەمان بەسەر هەواڵەکەماندا دابەشکردووە. ئینجا خۆمان لە دووبارە کردنەوە ناوی

پارتی دیموکراتی کوردستان پاراستووە، بەوەی کە لە سەرەتادا نووسیومانە کە **پ.د.ك** کورتکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بۆیە کە شتێك کورت دەکەینەوە حەتمەن دەبێ بنووسین ئەسڵی وشەکە یان ناوەکە چییە ئەوجا کورتکراوەکەی بەکار بێنین.

لە پەرەگرافی کۆتایشدا دەبینین کە چیتر ناوی کەمال کەرکوکی دووپات نەکراوەتەوە و بە **ناوبراو** ئاماژەی پێکراوە کە ئەمەش وا دەکات ناو زۆر دووپات نەکەینەوە.

خاڵێك کە لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە لە لیدی هەواڵدا نابێ بە هیچ شێوەیەك ناوی کەسەکان بنووسین ئەگەر ئەو کەسانە بەناوبانگ نەبن.

بو نموونە ناتوانین بنووسین:

*حوسێن سابیر لە سەربان کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەست دا.*

ئەمە هەڵەیە و وا نانووسرێت. ئەگەر لە لیددا هەواڵێکی وامان هەبوو، زانیمان ئەو حوسێن سابیرە خوێندکاری بەشی پزیشکییە لە زانکۆی سەلاحەدین و.....هتد لە تایبەتمەندییەکانیەوە دەستپێدەکەین.

بۆ نموونە:

***خوێندکارێکی کۆلیژی پزیشکیی زانکۆی سەلاحەدین بە هۆی*** *کەوتنەخوارەوە لە نهۆمی دووەمی بەشی ناوخۆییەوە گیانی لەدەست دا.*

**حوسێن سابیر ٢٢**، کە خوێندکاری قۆناغی چوارەمی پزیشکی بوو لە زانکۆی سەلاحەدین، نیوەشەوی رابردوو دوای................

بەڵام ئەگەر لە جێگەی حوسێن سابیر یەکێکی دیکەی ناسراو بێت ئەوکاتە بە ناوی خۆییەوە دەست پێکردنمان ئاساییە.



بۆ نموونە:

*لەناو ناوچەی سەوزی بەغدا، نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەوڵی تیرۆرکردنی* ***دکتۆر بەرهەم ساڵح*** *درا.*

لەوەدا دکتۆر بەرهەم کەسێکی ناسراوە و پێویست ناکات لە لیددا بنووسین، هەوڵی تیرۆرکردنی جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ درا.

**سیفەت:**

مەبەست لە سیفەت لێرەدا مەسەلەی خستنە پاڵی شتێکی باش یان خراپە بۆ کەسێك یان شتێك.

لە رۆژنامەنووسیی پێشکەوتووی دنیادا مەسەلەی سۆز و عاتیفە لە کاری رۆژنامەوانی دوور خراوەتەوە و بڕیاری کۆتایی بۆ خوێنەر بەجێهێشتراوە. ئەگەرچی میدیای پێشکەوتووی دنیا بێلایەن نییە، بەڵام لە جۆری مامەڵەی لەگەڵ پێکهێنەرەکانی هەواڵدا ئۆبجێکتیڤە.

جاران لە میدیای کوردستاندا کاتێك ناوی سەددام حوسێن سەرۆکی لە سێدارەدراوی عێراق دەهات دەنووسرا: **"دیکتاتۆرە خوێنمژە شۆڤینیستەکەی عۆجە، سەددام حوسێنی بەعسیی عەفلەقی"!** ئەمە لەژێر کاریگەریی عاتیفەدا دەنووسرا و بەراستی هەڵە بوو.

یان زۆر بە ئاسانی کە دزێك دەگیرا دەنووسرا: **" پۆلیس تاوانباری گرت و بەم زووانە دەدرێتە دادگا تا بە سزای تاوانە چەپەڵەکانی خۆیی بگەیەنێت."**

لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر بە ئاسانی شتێك دەكرا بە **گەورەترین** یان **نوێترین** یان **پێشكەوتووترین**.

ئەمانە لە زمانی رۆژنامەنووسیی پێشكەوتوودا جێگەیان نەماوە.

پەیامنێر بۆی نییە سیفەت بەكاربێنێت. سیفەتی گەورەترین، باشترین و جوانترین یان هەموو ئەو شتانەی كە دەچنە قاڵبی سیفەتەوە مەگەر لە حاڵەتی دیاریكراودا نەبێ بەكار هێنانیان هەڵەیە. یەكەم هەڵە ئەوەیە كە ئەم دەستەواژانە بێلایەنیی رۆژنامەنووس دەبەنە ژێر پرسیارەوە و دیوێكی ئەو فەسادەی كە ئێستا لە رۆژنامەنووسیی دنیادا لە بواری ئابووریدا هەیە بەكارهێنانی ئەو دەستەواژانەیە بۆ هەندێك كۆمپانیا.

دووەمیان ئەوەیە كە هەندێك جار كاتێ باسی كوژرانی كەسێك دەكەین و بەكارەساتێكی گەورەی لەقەڵەم دەدەین، گەورەیی ئەو رووداوە بۆ هەموو كەس وەك یەك نییە، بۆیە بۆمان نییە ئەو حوكمە بدەین.

سیفەت لە دوو حاڵەتدا لە هەواڵدا بەكاردێت، یەكەمیان ئەو كاتەی كە لەسەر زمانی سەرچاوەیەكەوە بگوترێ. بۆ نموونە:" سەرۆك وەزیران دەڵێ گەورەترین شاری راگەیاندن لە هەولێر دروستدەكرێت".

یان لە حاڵەتێكدا ئەگەر بزانین گەورەترین تاوەر لە دنیادا بەرزاییەكەی ٥٠٠ مەترە و تاوەرێك بە بەرزایی ٦٠٠ مەتر لە هەولێر درووستدەكرێت. ئەوكاتە بۆمان هەیە بنووسین بەرزترین تاوەری دنیادا لە هەولێر دروستدەكرێت.



**پێشینەی هەواڵ و گرنگیی:**

یەكێكی دیكە لەو شتانەی كە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر یان بیسەر باش لە هەواڵ تێبگات، پێشینەی هەواڵە. هەموو رووداوێك پێشینەیەكی هەیە، یان ئەگەر نەشیبێت بە جۆرێك لە رووداوێكی دیكەدا خۆی دەبینێتەوە. هێنانی پێشینەی هەواڵ لەگەڵ رووداوێكی نوێدا كاتێك مەیسەرە كە رۆژنامەنووس شارەزاییەكی باش هەبێت یان ئەوەتا ئەرشیفێكی دەوڵەمەندی لەبەردەستدا بێت.

هێنانەوەی پێشینەی هەواڵ لە كۆتایی هەواڵدا لەو جێگەیەشڕا باش و گرنگە چونكە لە هەقیقەتدا زاكیرەی خوێنەر یان بیسەر جێگەی ئەوەی نییە ئەو هەموو رووداوانەی كە روو دەدەن تۆمار بكات و لەگەڵ رووداوێكی هاوشێوەدا بە بیری خۆیانی بێننەوە، یان ئەوەتا زۆر جار رێكدەكەوێ كە خوێنەر یان بیسەری هەواڵ لەبەرئەوەی پێشتر ئاگای لە رووداوێك نەبووە، بۆیە كاتێك گۆڕانكارییەكی نوێتر روودەدات پێویستە كاتێ باسی ئەو گۆڕانكارییە تازەییە دەكەین، یادێكی شتێكی كۆنیش بكەینەوە. بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە بزانین پێشینەی هەواڵ لە كوێی هەواڵدا بەكاردێنین؟

پێشینەی هەواڵ بە گشتی لە كۆتایی هەواڵدا و دوای پێدانی زانیاریی نوێ یان پێشهاتی نوێ لە پەرەگرافەكانی كۆتاییدا بە دەستەواژەگەلی: جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، پێویستە بگوترێ و....هتد دەنووسرێت. هەرچەندە جاری وایە بێ ئەو دەستەواژانانەش دەنووسرێت.

**بۆ نموونە:**
*بەسەدان کەس لە دانیشتوانی شاری دەربەندیخان، ئەمڕۆ لەدژی گەندەڵی ئیداری، نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا ڕژانە سەرشەقام.*
لەو ڕێپێوانەدا کە سەعات ٨,٣٠ ئەمڕۆ لە بەردەرگەی مزگەوتی گەورەی شارەوە دەستی پێکرد، سەدان گەنج و پیر و لاو بە درووشمی:"نا بۆ گەندەڵی.....کارەبامان دەوێ.." نارەزایەتیی خۆیان لەهەمبەر سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێم دەربڕی.
خۆپێشاندەران بە کۆبوونەوە لە بەردەم...........................
**مانگی رابردووش بەسەدان کەس لە دانیشتوانی دەربەندیخان هەر بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی فەساد، نەبوونی سووتەمەنی و کارەبا خۆپێشاندانێکی هێمنانەیان ساز کرد بوو.**

وەك دەبیندرێ پێشینەی هەواڵ دوای زانیارییە نوێیەکان و بێ بەکار هێنانی دەستەواژە کلێشەییەکانی( جێگەی وەبیر هێنانەوەیە) و شتی لەو بابەتەش دەنووسرێت.
گوتمان پێشینەی هەواڵ بە گشتی لە کۆتایی هەواڵدا دێت، بەڵام جاری وا هەیە ئەو ڕێسایە نایخوات و خودی دووبارە بوونەوەی شتێك دەبێتە هەواڵ و وا پێویست دەکات پێشینەی ڕووداوێك لە سەرەتای هەواڵدا بێت.
**بۆ نموونە:**
*تەقینەوەیەکی بەهێز لە کەرکوك بووە هۆی کوژران و بریندار بوونی **٣٣** کەس کە زۆربەیان منداڵن.*



**ئەم تەقینەوەیە کە چوارەم تەقینەوەیە** لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا لە کەرکوك ڕوودەدات، ئاماری کوژراو و بریندارەکانی لە کەمتر لە هەفتەیەکدا گەیاندە ١٤٥ کەس........................

لێرەدا پێشینەی هەواڵ هاتە لای سەرەوەی هەواڵ، بەڵام جاری وایە لەوەش نزیکتر دەبێتەوە و دێتە ناو لیدی هەواڵیش.
بۆ نموونە:
*بۆ **پێنجەم جار** بوومەلەرزەیەکی بەهێز شاری خوراسانی ئێرانی هەژاند.*

یان جیا لەم شێوەیە پێشینەی هەواڵ وەك هۆکاری ڕوودانی هەواڵێکی دیکە دادەندرێت.

**بۆ نموونە:**
***دوای گوشارێکی زۆری خەڵك و ڕۆشنبیران**، سەرۆکی شارەوانیی سلێمانی دەستی لەکار کێشایەوە.*
ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە پێشینەی هەواڵ دوور و درێژ نەبێت و وا نەکات خوێنەر لەبەر رابردوو نەزانێ ئەمڕۆ چی ڕوویداوە.

### سەرچاوەکانی هەواڵ:
هەموو هەواڵێك سەرچاوەی هەیە، سەرچاوەکانی هەواڵ دوو جۆرن یان هەقیقین(سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، سەرۆکی زانکۆ و....هتد) یان

حقوقین وەک( نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی رۆیتەرز، تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرە، وەزارەتی کارەبا و....هتد). بەکارهێنانی سەرچاوە لە ناو هەواڵدا دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی خوێنەر یان بیسەر بە هەواڵەکە و زانیارییەکانی ناوی پتر بێت. بەکارهێنانی سەرچاوە لە هەواڵدا لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە پێویستە:

١- دەبێتە هۆی بەڵگەدار بوونی هەواڵ و بەهایەکی پتر بە زانیارییەکانی ناوی دەبەخشێت.

٢- دەبێتە هۆی رەواندنەوەی گومانی خوێنەر.جاری وایە خوێنەر یان بیسەر حەز دەکات ئەو زانیارییەی پێی دەگات لە دەمی کەس یان دامەزراوێکەوە بێت. بۆ نموونە کە رۆژنامەیەک رایدەگەیەنێت سبەی کارەبا ٤ سەعات زیاددەکات، خوێنەر حەزدەکات ئەو قسەیە وەزیری کارەبا بیکات نەک رۆژنامەکە خۆی.

٣- دەبێتە هۆی وەئەستۆ نەگرتنی شتێک. بۆ نموونە ئێمە لە هەولێر ئاژانسێکی کوردی بەرێوە دەبەین، بەلام لە نیۆیۆرک پەیامنێرمان نییە. ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی رایدەگەیەنێت کە سەعاتێک بەر لە ئێستا جۆرج بووش تیرۆر کراوە.

ئێمە ناتوانین بێین رێک هەواڵەکە لە دەمی خۆمانەوە بلاو بکەینەوە، بۆیە بۆ ئەو حاڵەتە دەنووسین کە ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی رایگەیاند سەرۆکی ئەمریکا تیرۆر کراوە.

بەم شێوەی ئەگەر هەواڵەکە وا نەبوو، ئەوا ئێمە بە درۆزن دەرناچین و ئەگەریش وا بوو ئەوا ئێمە لە خەڵک دوا نەکەوتووین.



٤- دەرخستی هێز و توانایە بۆ میدیاکان. رۆژنامە و رادیۆ و تەلەڤزیۆنە گەورەکانی ئێستا لە زۆربەی شار و ولاتانی دنیا پەیامنێریان هەیە و کاریان بۆ دەکەن. وەک دەبینین ئەگەر لە ناوچەیەک ناکۆکییەک یان رووداوێکی گرنگ هەبێ رۆژنامەکان یان تەلەڤزیۆنەکان پەیامنێرانی خۆیان دەنێرنە ئەو شوێنانە و لەوێوە هەواڵیان لێ وەردەگرن. ئەوانەیش کە لەو شوێنانە کەسیان نییە، ناچارن لە زاری ئەوانەوە واتا وەک خاڵی سێیەم هەڵسوکەوت بکەن. بۆیە بۆ ئەوانەی پەیامنێریان لەو شوێنانەیە نمایشێکی گەورەی هێزە و کاتێ هەواڵ دەنووسن، بەوە دەستپێدەکەن کە: پەیامنێرمان لە فلانە شوێنەوە رایگەیاند کە شتێکی وا روویداوە.

سەرچاوەی هەواڵی رۆژنامە و چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵ بە پلەی سەرەکی پەیامنێرانیان لە شوێنەکان کە هەواڵ کۆدەکەنەوە. گرنگە و پێویستە کاتێک پەیامنێرێک هەواڵێک بۆ رۆژنامەکەی خۆی دەنووسێت ناوی پەیامنێرەکە لەسەرەتای هەواڵەکەدا بنووسرێت، ئینجا ئەگەر هەواڵەکە لە سەرچاوەیەکی غەیری پەیامنێرەکە وەرگیرا بوو حەتمەن دەبێ ناوی ئەو سەرچاوەیە لە هەواڵەکەدا بنووسرێت.

**بۆ پەیامنێران گرنگە لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵ ئەو زانیارییانە بزانن:**

الف: لەو بوار و ناوچانەی کە کاریان تێدا دەکەن، پێویستە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی رەسمی و نارەسمییان هەبێ تا زانیارییەکانی خۆیانیان پێ پشتراست بکەنەوە.

ب: به بەرپرسیاریەتییەوە لەگەڵ سەرچاوەکانی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن و وا بکەن متمانە لە نێوانیاندا درووستبێت.

ج: جیا لەریکۆرد کردنی زانیارییەکان لە کەسەکان، هەوڵبدەن زانیارییەکان بنووسنەوە و لە مێشکی خۆیاندا رایانگرن، چونکە جاری وایە ریکۆردەرەکانیان لەکار دەکەون.

**ناساندنی کەسەکان و شوێنەکان لە هەواڵدا:**

ناساندنی کەسەکەکان و شوێنەکان لە هەواڵدا بۆ خوێنەر یان بیسەر گرنگە. هەموو کەس و شوێنەکان بە یەك ئەندازە ناوبانگیان نییە و زۆربەی کات پێویستدەکات ئەو کەس و شوێنانە بناسێندرێن.

بۆ خوێنەر و بەرامبەرەکانتان گرنگ ئەوە نییە ناوی باب و باپیری کەسەکان چییە بەقەدەر ئەوەی حەز دەکەن بزانن رەگەزیان، شوێنی نیشتەجێبوونیان و نەژادیان و.....چییە. ئەگەرچی هەندێکجار ئەم ناساندنە وەك ئەوەی لە میدیای تورکیدا دەکرێت و دوورە لە عورفی رۆژنامەنووسی کە دەبینین کاتێك یەکێك لە ئیستانبۆڵ دزییەك دەکات خێرا بۆ بەیانی کاتێ هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە دەنووسن کوردێکی دیاربەکری دزیی کرد، بەڵام ئەگەر هەمان ئەو دزە تورکێك بێت نانووسن تورکێکی ئیستانبۆڵی دزیی کرد. بۆیە زۆرجار ناساندن دیوی هەڵەشی هەیە.

بەشێوەی گشتی گرنگە کاربەدەستانی وڵات ئەگەر بەناوبانگ بن بەناوی خۆیان لە سەرەتادا بناسێندرێن و دواتر پۆستەکانیان روون بکرێتەوە.



وەك لە پێشتریشدا باسکرا ناوی کەسە نەناسراوەکان بە ئەهمییەتی کەسایەتییانەوە ببەسترێتەوە.

ئینجا سەبارەت بە شوێنەکان گرنگە بزانین کاتێ باسی شارۆچکەیەك دەکەین بڵێین ئەو شارۆچکەیە کەوتۆتە کوێ؟ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی لە ناساندنی شوێنەکان، پایتەختی وڵاتەکان بە ناوەند وەردەگرێت و شوێنەکانی دیکە لەوێوە دەپێوێت. بۆ نموونە کاتێ باسی موسڵ دەکرێ، دەنووسێ کەوتۆتە ٢٥٠ کیلۆمەتریی باکووری بەغداوە. بۆیە وا باشە کاتێك ناوی شارێك یان شوێنێك دێت بە خوێنەر بڵێین ئەو شوێنە کەوتۆتە کوێوە.

**(٧)**

## ناونیشان و پێکهێنەرەکانی

یەکەم شوێنێك کە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا دەبێتە هۆی پەیوەندیی نێوان خوێنەر و هەواڵ، ناونیشانی هەواڵە. ناونیشان جیا لەوەی کلیلی چوونە ناو هەواڵێکە، نیشاندەری لایەنداری و هەڵوێستگیریی ڕۆژنامەیەکیشە لە بەرامبەر ڕووداوێکدا. ئەم بەشە لە ڕۆژنامەدا زۆر بایەخدارە و بەشێکی گرنگ لە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆی دنیا بەوەوە خەریکن کە ناونیشان بۆ هەواڵەکان دەنووسن. لە نووسینی ناونیشان بۆ هەواڵەکان دەبێ ڕەچاوی چەند خاڵێك بکرێت:

**١- هاوکاری خەڵك بێت لە هەڵبژاردنی ڕۆژنامەی دڵخوازی خۆی لەناو ئەو هەموو ڕۆژنامانەیدا کە هەن.**

**٢- بابەتە جیاوازەکانی ڕۆژنامە لێك جودا بکاتەوە.**

**٣- جوان بێت و نموودێك بداتە لاپەڕە.**

**٤- بە کەمترین و جوانترین وشەکان پەیامێك بگەیەنێت.**

**٥- کورتکراوەی ڕێکخراو و پارتەکانی تێدا نەبێ. بۆ نموونە: لە ناونیشاندا لەجیاتی نەتەوە یەکگرتووەکان نە نووسرێ UN.**



**پێکهێنەرەکانی ناونیشان:**

ئەوەندەی تێبینی کراوە و باسدەکرێ جگە لە ناونیشانی سەرەکی چوار جۆر ناونیشان لە چاپەمەنییەکاندا بۆ هەواڵ سوودیان لێوەردەگیرێت.

**١- ناونیشانی سەرەکی (Main head line)**

بە پیتی گەورەتر و فۆنتی جیاواز لە ناوەڕۆکی هەواڵ دەنووسرێت و ناونیشانی بابەتەکەیە و دەبێ پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵدا هەبێت.

بۆ نموونە: **سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ئیتالیایە**

**٢- سەرەناونیشان (Kicker)**

وشە و ڕستەی کورتن کە دەکەونە سەر ناونیشانی سەرەکییەوە. بە فۆنتێکی وردتر لە ناونیشانی سەرەکی دەنووسرێ. زۆربەی کات فیعلیان تێدا نییە و تەواوکەری ناونیشانی سەرەکین. بەڵام نەك بەو مانایەی کە ناونیشانە سەرەکییەکەمان مانای نەبێت، بەڵکو سەرەناونیشان وەك لە نموونەکانیشدا دەیبینن مەودای پتر بە ناونیشانی سەرەکی دەدات.

**بۆ نموونە:**

**لە هەڵەبجەی شەهید**
**سێ کەس بە تۆمەتی کاری تیرۆریستی دەستگیر کران**
**بەهۆی ناڕەزایەتیی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین**
**وەزیری خوێندنی باڵا دەستی لەکار کێشایەوە**

سەرەناونیشان بە چەندین جۆر و شێواز لە رۆژنامەنووسیدا بەکار دەبرێت.

**سەرە ناونیشان وەك پێشەكی:**

**لە دوو سوودانی**
**٢٠٠ پاسپۆرتی ساختەی عێراقی دەستی بەسەردا گیرا**

**سەرە ناونیشانێك كە چۆنیەتی رووداوێك باسدەكات:**

**بەهۆی تەقینی بوتڵە غازێك**
**سێ ماڵ لە هەولێر ئاگریان تێبەربوو**

**سەرە ناونیشان وەك سەرچاوەی هەواڵ:**

**نێچیرڤان بارزانی:**
**حكوومەتی هەرێم مووچەی كارمەندان زیاد دەكات**

**سەرە ناونیشان وەك پێشینەی هەواڵ:**

**دوای تەقینەوەكانی ئەم دواییە**
**خەڵكی هەولێر داوا دەكەن وەزیری ناوخۆ بگۆڕدرێت**



**سەرە ناونیشان وەك كاتی رووداوی هەواڵ:**

**سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ**
**تەقینەوەیەكی بەهێز كەركوكی هەژاند**

**٣- ژێرەناونیشان (Deck):**

هەروەك لە ناوییەوە دیارە دەكەوێتە ژێر ناونیشانی سەرەكییەوە. لە كاتێكدا بەكاردێت كە هەواڵ لایەن و رەهەندی زۆر بن و لە كاتی نووسینیدا نابێ سەربەخۆییی ناونیشانی سەرەكی بباتە ژێر پرسیارەوە.

**بۆ نموونە:**

**سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ**
**تەقینەوەیەكی بەهێز كەركوكی هەژاند**
**١٢ كوژراو و ١٣بریندار هەیە كە زۆربەی منداڵن**

وەك دەبینین ژێرەناونیشان روونكردنەوەی پتر لەبارەی تەقینەوەكە بە خوێنەر دەدات.

## ٤- سپۆت یان (Subtitle):

کاتێك که بۆ دەرخستنی لایەن و ڕەهەندەکانی هەواڵێك سەرەناونیشان و ژێرەناونیشان بەس نەبێت، یان هەواڵێك چەندین شتی گرنگی لەخۆوە گرتبێت، ئەوکاتە پەنا دەبەینە بەر سپۆت.

سپۆتەکان هەواڵ جوان دەکەن و نەخشەسازی لاپەڕەکانی ڕۆژنامە دەزانێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

به شێوەی گشتی به فۆنتێکی گەورەتر له ناوەڕۆکی هەواڵ دەنووسرێت و دەخرێتە ژێر ژێرەناونیشانەوە. دەکرێ هەواڵێك چەند سپۆتێکی هەبێ.

جیا له هەواڵ سپۆت وەك پێشەکی ڕاپۆرتێك، گفتوگۆیەك دەخرێتە ژێر ناونیشانەوە. لەوەش پتر له ڕاپۆرتی درێژدا بۆ جوانکردنی لاپەڕە وەك بەشی گرنگ دەخرێتە ناو ڕاپۆرت یان گفتوگۆوە.

## ٥- ناونیشانی لاوەکی (Subhead):

له هەواڵی درێژ یان ڕاپۆرت یان گفتوگۆ و تەنانەت وتاریش، بەکاردێت. کاتێك هەواڵێك به شێوەی گێڕانەوەی مێژووی دەنووسین، بۆ ئەوەی بابەتەکانمان لێك جیابکەینەوە پەنا دەبەینەبەر ناونیشانی لاوەکی. ئەم ناونیشانە لاوەکیانە به شێوەی گشتی ڕستەی کورتی بێ فیعلن که وادەکەن خوێنەر هەستبکات بابەتێکی نوێ دەستپێدەکات.



## هەندێك خاڵی گرنگ لەبارەی نووسینی ناونیشانەوە:

١- هەوڵبدەن هەمیشه ناونیشان دوای تەواوبوونی نووسینی هەواڵ بنوسن.
٢- ئەگەر هەواڵەکەتان لیدی هەبوو، دەتوانن سوود له لیدی هەواڵ وەرگرن بۆ نووسینی ناونیشان، بەڵام ئەگەر لیدی نەبوو دەبێ هەموو هەواڵەکەتان بخوێننەوە ئەوجا ناونیشان بنووسن.
٣- ڕستەی کورت و مانادار هەڵبژێرن.
٤- ناونیشان نابێ لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵ نەگونجێ.
٥- تا دەکرێ خۆتان له ناونیشانی پرسیاری، ئەمری ورستەی نیگەتیڤ بپارێزن.
٦- خۆتان له دەستەواژەی دروشمی بپارێزن.

## جیاوازیی نێوان لید و ناونیشان:

لید و ناونیشانی هەواڵ زۆر لێك دەچن و زۆریش لێك جیاوازن، چونکه له هەقیقەتدا کاتێك لیدێك بۆ هەواڵێك دەنووسین، هەر بەو زانیارییانە دێن ناونیشانیش بۆ هەواڵ دەنووسین.بەڵام هەروەك گوترا دوو شتی لێك جیاوازن:

- لید پوختەی هەواڵە که له شێوازی نووسینی هەرەمی سەراوبن یان گێڕانەوەی مێژوویی به لیدەوە له سەرەتای هەواڵدا دێت، بەڵام ناونیشان بۆ هەموو هەواڵێك دەنووسرێت و به وشەی کەمتر له لید دەنووسرێت.
- پێویستە هەموو هەواڵێکی ڕۆژنامە ناونیشانی هەبێت، بەڵام مەرج نییە هەموو هەواڵێك لیدی هەبێت.

- ناونیشان بە پیتی گەورەتر و فۆنتی جیاواز لە ناوەڕۆکی هەواڵ دەنووسرێت، بەڵام لید بە هەمان پیت و هەمان فۆنتی ناوەڕۆك دەنووسرێت.

- لەسەرەتای هەواڵ دەنووسرێت، بەڵام ناونیشانەکان لەسەرەوەی هەواڵ دەنووسرێن.

ئەوانەی لێرەدا باسیان لێوەکرا، تێکڕای ئەوە نییە کە لە ڕۆژنامەنووسیدا هەن، ڕۆژنامەنووسی بوارێکی بەردەوام لە گۆڕاندایە و ئەزموونی کاری هەرکەسێك لەگەڵ یەکێکی دیکەدا جیاوازە، بەڵام ئەوانەی باسیانکرا بەشێکی یەکجار گرنگی کاری ڕۆژنامەنووسی پێکدێنن. بە واتایەکی دیکە بنەماگەلێکمان لەو بوارەدا پێناساندن کە دەکرێ وردە وردە لەگەڵ ئەزموندا کاملیان بکەن.